هـــەن دەڵێن چەندە سەررەحەتی‌ی خۆش‌گوزەرانی یاریدەی ئەدیب‌و هونەرمەند دەدا کە زیاتر حۆی تەرخانی ئەدەب‌و هونەر بکات‌و زۆرترو چاکتر بەرهـــەم بێنێ ، هێندەش ئەندێشەی ئەبوونی دەس‌کورتی بەهرەو توانای بەرهەمهێنانی قاڵدەکات‌و لە تاقی‌کردنەوەی راستەوخۆوە ڕۆئەم دەخاتە سەر کاغەزو دەنووسێ . ئەمە تا رادەیەك راستەو . بەلام دەبێ ئەوەش بزانین کە زکی بەتان‌و برسیش هێشك لـــە پەلاکی دەخاو خەریکی بەیداکردنی پاروە نانەکەی دەکا .

● یا وەزعی ئـــاو خێـــزان .. زۆر ئـــەدیب‌و هونەرمەند هەن ج ... ڕۆژانی منداڵی‌و لاوی‌یاندا لـــە باوەشی خێزانی دایك‌و باوکـــداو ج دوایی‌تر لـــە ناو خێزانی خۆیاندا ، بە خۆشی‌و شادی‌و لە سایەی ئەمن‌و ئاسایشدا ژیاوون‌و هـــەڵی خوێندنەوەو پشـــکێنن‌و وردبوونەوەو ئاسۆی بیرفراوانیان بۆ هەڵکەوتوەو ئەمە یاریدەی زۆر داوون کـــە لـــە خۆلقاندن‌و داهێناندا سەرکەوتووتربن‌و زیاتریش بەرهەمبێنن . لـــە کاتێکدا زۆری‌تر هەن بە درێژایی تەمەنیان ژیانی تایبەتی‌ی ناو خێزانیان پڕ لە سەریەشەو ناومیدی‌و جەخارو ئازاوە بوەو ئەمەش ئەەرچی وەك ئاقی‌کردنەوەیەکی راستەوخۆ دەشێ ببێتە یاریدەدەر بۆ خولقاندن‌و داهێنان ، بـــەلام زیاتر دەبێتە کۆسپ‌و ڕێگە دەگرێ‌و ئەدیب‌و هونەرمەند چوارچاو دەکا .

● یا ئاساغی‌و ئەش بەباری کە بە درێژایی تەمەن یا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ یەخەی هەنـــدێ ئـــەدیب‌و هونەرمەند دەگرێ .. بۆ نموونە هەر جیمس جویس تا مرد بە دەردی چاوی‌یەوە دەیناڵاندو کە ئزی دەهاتنە سۆی لـــە هەموو چالاکی‌یەکیان دەڕست لـــە کاتێکدا یەکێکی وەکوو (هەمەنگوای) سیحەتی باشی یاریدەی "دەدا بۆ نـــوونە بچێ بـــە شاخی (کلیمەنجارۆ)دا هەنگەڕێ‌و لە ئەنجامی ئەو گەشتەیا وێنەی (بەفری کلیمەنجارۆ) بێنێتە بەرهەم .

● لەم بابەتە شتانە زۆرن کە بە توندی کاردەکەنە سەر ژیانی ئەدەبی‌و هونەری ئەدیب‌و هونـــەرمەندو کەچی لە لێکۆڵینەوەدا کەمتر بایەخیان پێدەدرێ‌و هەقی خۆیان نادرێ .

Institut Kurde de Paris

غادة السمان

هونەرمەندی راستەقینە خەون لێکدەرەوەی میللەتە !

بەر لە ماوەیەك (غادة السمان) لە بەغدابوو .. ئەمەش ئەم چاوپێکەوتنە خۆشەمان لەگەڵی سازدا .

● ئایا هیچ جۆرە ئاووگەش و هەوایەی تێدا شێوازێکت لە نووسینا هەیە ؟ ئەو بارە دەرونیەی لە کاتی نووسینا تیا ئەژیت چیە ؟ ئەو هەستەی کە ئەو بارە دەرونیەی لە کاتی نووسینا تیا ئەژیت چیە ؟

غادە : لە سەرەتاوە تەلەفزیۆنەکەی داناکەوێ .. دیکۆری دەرەوە چ دەورێکی ئەوتۆی لە کاری نووسینما نەماوە ، هەر لە نەقش و نیگاری رۆمانتیکیانەوە بگرە تا جریوەی باڵندەو سوتاندنی بخوری نێو کتێبخانەیەکی پەرسگاناسا .. هەمو ئەمانە لەلام بایەخیان نەماوە .. گرینگت ئەوەیە مەرەکەب و کاغەزم هەبێ .. چاران حەزم لە مەرەکەبی سەوزو کاغەزی پنك پنك ئەکەزد .. گرینگ ئەوەیە : ئێستا ناخەوم هەڵایسی وبکورێ .. کەچی ڕۆژدرای ڕۆژنەوەیش فیربووم کە کاری هونەری حزم ڕێك و کرك بکەم .. چەند سەعاتێکی ڕووڕان) بەم بۆ نووسینەوە ، جگا میراخم بشبێ یا نا ! وا لەبەر داهێنان وەکو بومە لەرزەیەك لە پریکا بتەقێتەوە ، بەلام ئەبێ مرۆڤ بۆ سانای سروشان نامادە بێت کاتێ کە دێو ئەوی داهێنان دانەڕێژێ و پەلەهاوێژی نێودل بە هەورەتریشقەیەکی تەلەفزیۆنەکەی داناکەوێ .. دیکۆری دەرەوە چ دەورێکی ئەوتۆی لە کاری نووسینما نەماوە ، هەر لە نەقش و نیگاری رۆمانتیکیانەوە بگرە تا جریوەی باڵندەو سوتاندنی بخوری نێو کتێبخانەیەکی پەرسگاناسا .. هەمو ئەمانە لەلام بایەخیان نەماوە .. گرینگت ئەوەیە مەرەکەب و کاغەزم هەبێ .. چاران حەزم لە مەرەکەبی سەوزو کاغەزی پنك پنك ئەکەزد .. گرینگت ئەوەیە : ئێستا ناخەوم هەڵایسی وبکورێ .. کەچی ڕۆژدرای ڕۆژنەوەیش فیربووم کە کاری هونەری حزم ڕێك و کرك بکەم .. چەند سەعاتێکی ڕووڕان) بەم بۆ نووسینەوە ، جگا میراخم بشبێ یا نا ! وا لەبەر داهێنان وەکو بومە لەرزەیەك لە پریکا بتەقێتەوە ، بەلام ئەبێ مرۆڤ بۆ سانای سروشان نامادە بێت کاتێ کە دێو ئەوی داهێنان دانەڕێژێ و پەلەهاوێژی نێودل بە هەورەتریشقەیەکی

نادیار زاخ ئەدا .

● پاشە ڕۆژی هونەرمەندان ، چۆنی ئەبینی ؟ ..

غادە : هونەرمەندی راستەقینە ، خەون لێکدەرەوەی کۆمەڵانی خەڵك و لەکارەکانیدا خەو بە پاشەڕۆژ ئەبینێ ، هەر وەکو جامیجەم وایە .. گەر لە بارەی پاشە ڕۆژی هونەرمەندانیش لێم ئەپرسی ، ئەوا ئەڵێم : پاشە ڕۆژەکەی وەکو پاشە ڕۆژی جاری جارانی بوە لە هەر چاخو شوێنێکا .. ئەمەش ئەفرەت لێ کراوە .. کە مردیش لە ناهەنگی پرسەدا ڕێز لەلاسەکەی ئەگیرێ ، بەردەوام شەپازلەی زەمانەی بەر لە کەوێ ، لە پاشا کە مرد ، ئەچمەونیشمان بەلاشەکەی ئەبەستن .. ئەمەیە چارەنوسی هەر هونەرمەندێکی راستەقینەی هەمو دەورو زەمانێك ، گەر مەنیقی دەستەڕۆکردنو دەمامك و قاپوتو چەتریات رەت کردەوە .

● ئەی خەمی ڕۆژانەت چی یە ؟

غادە : خەمی ڕۆژانە ئازارمنادا ، چۆنە ئاواسەیری ئەکەم : خۆ خلافاندنێکی ڕۆژانەی مەرگی ڕۆژانەمان .. لە نیز چەند شتێکی درزەدراووردا درس وبیمە بێبنەکانمان لەبەردەم رازی مەرگ و بوون دا ئەشاریەوە . ترسی من ئەوەدایە کەر مەرگ خۆیکی بێخەون ئەبێ و بریبێ لە مۆتەکەی ڕۆژ . ئەو ساتە سەراسایانەی کە پاشەڕۆژی خزمی لەسەر بنیادکردوە ، لە بەر دەمیانەوە ستاوم و بریاریشم تێدا ئەداوە .. چەند ساتێکی دارژاوو داکشاوی راستەقینەی بێ نخەنخو بێ گیرمەوکشمەیە .

● چی بۆ ژنان ئەخوازیت ؟

غادە : ئەمەوێ ئازایەتو بتوانێ سنورێ لەنێوان سەربەستی و بەرەڵلایی دابنێت .

● ئایا ئەو پەروەردەیەی کۆمەڵ پێشکەشی ئافرەتی ئەکات وای لێ ئەکا ئەوەندە هۆشی ئەو جۆرە سنوردانانەی هەبێ ؟

غادە : لەقۆناغی گوێزراندا ، روشێواندن هەلە وقوربانیی شتێکی ئاسایی یە .. بەرای من سلبیاتی بەرەلاکردنی سەربەستی گەلێ لە سلبیاتی ڕێ لێ گرتنی بترە ، ئەك هەر بۆ مەسەلەی (عاطفی) بەڵکو بۆ هەمو مەسەلەکان .

● هەربۆیەشە ژنی نووسەر ئەتوانێ زیاتر لە مەسەلەی ژن بدوێ ؟

غادە : بۆ چەند قۆناغێ ، بێگومان ئافرەت ئەتوانێ هەست بەزوڵمو جەورەکان بکات وەکو هونەر دەربڕێ .. بێگومانیش کاروباری ئافرەتی نووسەر ، سەرەڕای هەستکردنی بە زڵمی ژنانەی ، وەکو مرۆڤێکیش هەستی پێ ئەکا .

● ئایا ئەو شتەی ئەینوسیتەوە دوبارەی ئەکەیتەوە ؟ چۆن هەستی پێ ئەکەی ؟

غادە : سوپاس ! بەم دوایی یە بەناچاری بەکتێبەکانی خۆم دا چومەوە ، کاتێ وایستە بۆ دوەم جار بیانگەیەنمە چاپ . سەرسام بووم .. ئازارێکی زۆرم چەشت ، زۆر داچۆڕام .. ئاوا دبارە هێشتا ئەتوانم خەم بخۆم و داچۆڕێم .. من منەتباری هەمو ئەوانەم کەناسیومن ، ئەوانەی خۆشیانم ویست و ئەوانەی رقیشم لێیان بوەوە .

● زهیر غانم ●

دەنگی

زانستو .. ئەدەبی زانستی ..!

محمود زامدار

● سەردەمانێکە وافیرگراوین ، گویە : ئەدەبو زانست تەنیا لەناستی ووشەدانەبێ ، دەنا ئەوەندە حەز لە چارەو ژوانی یەکتری ناکەن .. لەرێگای ووشەوە ، ئەدیبی لەهاتوو لە بەهاو هەستی جوانیلۆژیانەی خۆی ئەدوێ ، هەر لەهەمان ڕێگاوەش زانای بلیمەت لە دۆزینەوەی شتە مەوزوعیەکانی خۆی .. هەردوکیشیان بە دوو فۆنی جیای ووشەدا شانئەکوتن .. واتە: ووشەی لای ئەدیب هەمان ووشەی لای زانا نیە ، نەبەکەش و ئاووهەواو نە باری سەرنجو نەبەبەنگەو خەونەکانی ... ئەم چەشنە قسانە - تارادەیێ - راستەو نکولیناکرێ .. بەلام بەهیچ جۆرێ چوستو چالاکیەکانی مرۆڤ - لە هەر دەرفەتێکایێ - لەبەك دابڕناکرێن .. بێگومان ، ئاستی جوانیی (ووشە) یش لە هونەرو ناوەڕۆکی فیکرو ئەدەبا دەها جوانترو درەوشاوترە ، کەچی لەباس و لێکۆڵینەوەی زانستیا، سنورو رادەی خۆی هەیە ، چونکیم شێوازی زانست لەزمانداً ، شێوازێکی زەقو وردەکارو راستەوراستە .. هەرچەند (ووشە) لە راستیە مەوزوعیەکان شەرم بکاتو بەرەو (خود) بکشێت، ئەوەندە ڕەونەقدارتر ئەبێت ..!

★ بێگومان ، لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا ، مەبەستە پیرۆزەکانی زانست ، تادێ دەها زاخدارترو ئاسۆی سوری بەرفراوانتر ئەشێتەوەو دەستاوێژو بەرنامەکانی تێرتر ... تا دوێنێی دوور (فەلسەفە) دەوری بەردە هەڵدانی لە سەر بابەتەکانی : (بوونو نەبوونو ماددەو فیکرو خێرو شەڕو ژیانو مەرگ)ئەنواند .. کەچی (فیکر)ی ئەم چاخەی سەر بەفەلسەفەی ریالیزمی زانستی ، کارەکەی گۆڕاوەو بەندە بە چوارچێوەی ئەو راستیانەی کە سەر بە مرۆڤو بەرووداوو هەنگامەکانی کۆمەڵی مرۆڤەوە ، لە باوێنیاوی (گۆڕان)داراستیەکانی خۆی هەڵئەخات .. مەبەستی فەلسەفەی ئەمڕۆو بەبێی ئەم باری سەرنجە (زانستی) یەش- ئەدەبیش کوڕەزای فەلسەفەیە - خولقاندنی سەرلەتازەی مرۆڤە لەبەردەم بەخشەکانی زانستو راستیەکانی زانستا .. خۆشبەختانەش و هەر لەگەڵ چەکەرەکردنی چاخی تەکنۆلۆژیاشدا ، وا (زانست)بەرەبەرەگشت تەمتەمو دیوارە رژدەکانی بەردەمی خۆی ئەخوسینێتەوەو یاسا هەرە قایمەکانی خۆی لەجۆراو جۆری لقەکانی زانیاری جێگیرتر ئەکاتەوە ..! هەر بەم پێیەش رووی کردۆتە - زانست - دنیای بەرگوشادی ئەدەبو ئەویشی تەنیوەتەوەو راوبیرو سەرنجی هەمو ئەو بیرتەسکانەی کە سنورێکی گوشندەیان خستبوە نێوانی جۆلانەوەی زانستو ئەدەب ، خستەلاوەو کەلای کردنو ئەوەیشی بۆ سەلماندن ، کە چ زانستو چ ئەدەب ، هەر- دوکیان لەنێو رەحمو لە جەرگەی ژانەکانی مرۆڤەوەدەرچوەو مەبەستی هەردولا ئیان دۆزینەوەو دەس پێشکەریو سەرەندازکردنی بەردەی (راستی)یە ..!بۆ ئەم مەبەستەش دینەمۆی خۆی لێ خستۆتەکارو داهێنانێکی روحسوکی خۆی لە ژێر سەرناوی (ئەدەبی زانستی)دابۆ مرۆڤایەتی ڕەپێش کردوە .! کە بەوردەکاریەوە - ئەدەبی زانستی - لە تاقیمانەکانی مرۆڤ ئەدوێ و بەراشکاوی شتە مەوزوعیەکان ئەخاتەڕوو .. واتە : کاتێ کە ئەدیبەکان بەنا بۆ زانستەکان ئەبەن و لەرێی پەیامی ئەدەبەوە ، بەسادەیی و بەفراوانی باسی ئەو زانستانە ئەکەن ، کە مایەی خێروخۆشی مرۆڤو خەونەکانێتی ، ئەوا مەبەستی بەرودوایان ئەوەیە کە : ئەدەبەکەیان بکەن بە مەیدانی جلیتبازیی راستیەکانی زانست ، بەلام بە زمانی ئەدەب نەك بەزمانی زانستەکە ..! دەمێکیشە وتویانە : شت بەناوەڕۆك ئەپێوێ ، نەك تەنیا بە روخسار ..!

★ دوای ئەم سوکەسەرنجە

بروانە ل : ٨

هەند سەرنجێکی خێرا

● ناواز محمد صالح ●

☆ ئەو دیاردەیەی کە کۆمەڵگا پشکەوتوەکانو لە دەرفەتی ساتو سەوای کۆمەڵانی خەڵکی ئەو کۆمەڵانەدا ، سەرنج را ئەکشێو ئەبێتە مایەی تێرامانێکی لە بار ، ئەوەیەکە : هەوڵو کۆششی داهێنان - بە تایبەتی لە کۆڕی ڕۆشنبیریدا - بەسەرفرازیەوە هان ئەدرێو بە میهرو سۆزەوە لە باوەشی ئەگرێ .. ئەمەش بە تەواوی و لە ئەنجامی پشکوتنی ڕۆشنبیریی نێو هەر کۆمەڵێ لەو کۆمەڵانەدا خۆی ئەنوێنێ، بە شێوەیەکی وا : کە بێ وچان پێشبرکەی چەشناو چەشن لە دەرفەتی بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی و دانانو وەرگێڕاندا ، هەڵئەخرێت ، بەبێ ئەوەی کەس هەوڵی مەچەك بادانو مل شکاندنی ئەمو ئەو بدات ، یا بە قیزو بێزەوە سەیری بەرهەمەکانی بکاتو بیتاسێنێ .

هەر تاکە سەرنجێکی ورد ، بۆ واقیعی ڕۆشنبیری کوردیمان ، کە هێشتا دارەداری ئەکاتو ئەکەوێتە بەرەوکە ، ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێ کە : دیاردەی مەلانێو بگرەو بەردەیەکی دیار، لە کایەدایە ، بەلام نەك لەسەر بنەمای بەرەو پێشەوە چوونو بەخششی بەرهەمی پوختو نایاب دامەزرابێ ، نا بەڵکو لەسەر بنکەی « بەرهەمی ئاکە کەسێ لەسەروی هەمو بەرهەمی خەڵکی تر » یێت - یا ئاستیشی نەبێ - و یا خاوەنەکەیشی ، بۆ ئەمەبەستە ، گەلێ ڕێگای چەوتو چەوێلو ناپەوای گرتبێتە بەرو سزاو تاڵاوی بەخەڵکی تریش چەشتبێ .. گرینگ ئەوەیە ، ناوەکەی دەرکەوێتو ناوی خەڵکی تریش رامالرێتو بخرێتە نێوتوونی دۆزەخەوە .

بێگومان ئەبێ ئەم دیاردە نالەبارانە ڕۆچێتو ئاسەواری لە ناخی ڕۆشنبیرانماندا نەمێنێتو بسڕێتەوە .

گەلێ جار ، لە نێو رەوتو زیانی ڕۆشنبیریدا ، ناوێکی تازە سەر دەرئەکاو ئەکەوێتە شکڵ فەکردن .. بێگومان لە سەرەتاوە بۆ خۆی هەندێ سوکە هەوڵی وا ئەدا ، تا شوێن بێی خۆی لەسەر زەمینەیەکی قایمی هۆشمەندانەو ڕۆشنبیریا ، جێگیر بکات .. ڕۆشنبیریەکی وا کەشان بە شانی کۆڕانەکانی واقیعی لەبەرچاو هەنگاو هەڵێنێ .. بۆ ئەم مەبەستەیش مرۆڤ ، بێداویستیەکی زۆری بە بالگرتنو پشتگیریو رەخنەی بنیادنەرەوە هەیە . بەلام :

ئایا ئەم جۆرە شتانە لای ئێمە ڕو ئەدات ؟

ئا .. و نا .. واتە : سەر- هەڵدانی ناوی هەر ڕۆشنبیرێك کە لە سەرەتادایە .. شتێکی ئاسایی یە ، هەر وەکو چۆن نوچدانو هەڵزنانیشی شتێکی زۆر ئاسایی یە .. ئایا ئەوە مرۆڤە مەزنەی کە موعجیزەئەخولقێنێو قەلاو قونگرەکان ئەهەژێنێو هەزاران بەهای بەرز ئەخاتە ڕوو ، ڕۆژێ لە ڕۆژان ساوا نەبوەو لەسەرچوار چەکۆنە ئاگۆلگێی ئەکردوە..!؟ ئایا بێویستیەکی زۆری بە چاودێری و لەباوەش گرتنو بالگرتن نەبوە ؟! .. چەندین جار نوچی داوەو تاڵاوی ئاندارونەندیشەی چەشتوە .. بەر- دەوام بە لاداچوە ، تا پێی گرتوەو وەستاوە .. ڕوبەڕوی دەردەسەری و گیروگرفتەکان بۆنەوە ، تا گەیشتۆتە ئەوە ئۆناغەی متمانەی بە خۆی پەیاکردوەو ئازایانە سەری بەرزکردۆتەوەو گەلێ بەهای بە نرخی هەڵخستوە ، چونکە خۆی لە گۆڕینەی کۆمەڵەکەدا بە بەشێ زانیوە .

بەلام هەڵوێستی ئەو کەسە لە لای خەڵکی تردا چۆن ڕەنگ ئەبەستێ ؟

هەڵوێستی ئەوان چی ئەبێ بەرامبەری ؟!

لە سەرەتاوە وات دێتە بەرچاو ، کە لەم قۆناغە ناسکەیدا ، خەڵکەکە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەنو بە ڕەخنەی دلسۆزانەیان ، بیخەنە سەر ڕاستە ڕێ .. کەچی بە داخەوە کارەکە بە پێچەوانە ئەکەوێتەوە .. لە جیاتی بالگرتن ، مقۆ مقێی نارەزایی و دەمار گرژی لێ ئەکەوێتە ناوەوە ، کە چۆن ئەوەکەسە توانیوێتی خۆی بگەیەنێتە ئێو میحرابی ڕۆشنبیریی یەوە ..! وەکو بڵێی : ڕۆشنبیریی ، ئەنیا بۆ

بروانە ل : ٨

بەرە بەیانی هونەرمەندێك

ڕادەیەك کارت دەکەنە سەر ؟ - فولکلۆرو ئاوازەکۆنەکانمان بنکەی بەرهەمی هونەریمانن . وە بە ڕای من بوونی شەمشاڵ و بەرگی تابلۆیەکی هونەری درێژ دەکەن کە لە ئەل جیای سروشتی ناوچە کەمان دا دەگونجێ ، وە لێرەدا دەمەوێ نمونە یەك بۆ ئەم ڕاستیە بێنم .

مرۆڤی سەربەست بەهۆی هونەرەوە خۆی دەدۆزێتەوەو جیهانی دەوروبشتی ڕووناك دەکاتەوە ، هونەریش بە گشت بەشەکانیەوەو بەردەوام لە گەڵ پێشکەوتنی مادەمیزاد پێشکەوتوەو بەرەو- باشتربوون هەنگاوی ناوە . لەوبەرەوپێش چوونو هەنگاوە- نەیدا هونەر بە چەندین ئەوەزوشێوە تێپەڕیوەو جۆرەهاگۆڕانی هاتۆتەسەر گرنگترین دەوریش لەم دەورانە ئەمانەن :

(١) دەوری شێوەی مەرەتایی (الاسلوب البدائی) .

(٢) دەوری شێوەی کلاسیکی (الاسلوب الکلاسیکی) .

(٣) دەوری شێوەی ڕۆمانسی (الاسلوب الرومانتیکی) .

زنجیرەی ئەم دەورانەش کارێکی ئەوتۆیان کردۆتە سەرمرۆڤ کە بتوانن لە ڕێگای هوشیاریو بەرهەمهێنانداً لە بنیاوی مرۆڤایەتی چەند سەرچاوەیەکی تر بدۆزنەوەو بیکەن بە ڕێنوسی هونەر . کەەر ئیستاش سەرنجی سەرەتای هونەر بدەین لەسەردەمی ئریکی کۆنەوەو لە کەل هونەری ئیمرۆمان بەراوردی بکەین جیاوازییکی گەورەبەدی دەکەین وە هیچ وەنیش لەوەدانیە کە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە سەر چەند هۆیەك ، یەك لەمانە ، کە هەرەسەرەکییە ، پێشکەوتنی تەکنیکی لەم سەدەیەدا وە بە تایبەتی دۆزینەوەی (کارەبا) لە لایەن ڕاژەکەری مرۆڤایەتی (تەدیسون)وە هەروەها ڕاژەی (مارکۆنی) بە دۆزینەوەی (ڕادیۆ) دوابەدوای ئەویش (سینەماو تەلەفزیۆن)و چەندە- هۆیەکی تری ڕاکەیاندن .

هەر ئەو هۆیانەش بوون کاریان کردە سەر نادەمیزاد و سنوری بیرکردنەوەیان فراوان کرد وچەند ڕێبازو ڕێ ڕەوی تری هونەریان هێنایە کایەوە . بۆ نمونە پەیدا بوونی (ڕادیۆ) جۆرە هونەرێکی تری دروست کرد . لێرەدا دەمەوێ ڕای هونەر مەندێکی تازە پێگەیشتوو وەربنەرم وبڕیاردان بۆ ئەو بەجێ بێنم .

هونەر مەند ناوی (سیروان عومەر یوسف)ە لە شاری ڕواندز لەساڵی (١٩٥٢) لە دایك بووە وە ئیستا ئەندامی تیپی شانۆ ئەری لادێ، لە هەولێر دا پاش ماوەی کە ماوەیەك ئەندامی تیپی مۆسیقی پاشای گەورە بوو لە ڕواندز وە ئۆکۆردیۆن ژەنی تیپە کە بوو . هونەر مەندی ناو براو مۆسیقازان و ئەکتەریکی ئاسراوە . لە هەمان کاتیش دا توانای دەرهێنانی چیرۆکی شانۆ کەریشی هەیە . ئیستاش کاك سیروان هەست وڕای خۆی بەرامبەر بە پرسیارە کانمان دەردە بڕێ .

پ ١ - کاکە سیروان پاش ئەوەی کە کورتە باسێکی هونەرمان کردو تاڕادە یەکیش لە ژیانی هونەریت نزیك بوونیەوە . دەمانەوێ بزانین ، کە سەرەتای ژیانی هونەریت لە چ ساڵێکە وەدەست پێدەکات ؟ وەبەهرەی هونەری کامە بەشی هونەر بە سەربە شەکانی تری هونەر ژان دەکەیت ؟

کاك سیروان لە وەلام دا دەڵێ :

هەر لەمنالیمەوە دۆستێکی هونەرم و هونەر مەندانم خۆشویستوون . هەر لە ساڵی (١٦٧٠) دا دەستم بۆهونەر درێژ کرد وەو لە شانۆ وەکو نەکتەرێك دەورم بینیوە . لە ساڵی (١٩٧١) لە یەکەم تیپی مۆسیقا ، کە لە شارەکەم دا دامەزرا بە شدارم کردوەو ئۆکۆردیۆن ژەنی تیپەکە بووم . وەبەم شێوەیە تا ساڵی (١٩٧٥) مامەوە و تینجا بووم بە ئەندامێك لە تیپی شانۆ ئەری لادێ لە پارێز گای هەولێر ، وە تاکو ئیستاش بەردەوامم لە ڕاژە کردنی هونەردا بایەخێکی ئەوام داوەتە مۆسیقاو مۆسیقام کردۆتە ڕێبازی هونەریم ، چونکە تا ئیستا مۆسیقا لە ناو کۆمەڵناکەمان دا دواکەوتوەو پێویستی بە گەشە پێدان وبوژاندنەوە هەیە . کە ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئێمە و ئەبێ بە کردار بیسەلمێنین کە مۆسیقا خۆراکی گیانە .

پ٢- کاکی هونەرمەند رات بەرامبەر بە فۆلکلۆرو ئاوازە کۆنەکان چیە ؟ ئایا شمشاڵ و بلوێرو ئالە تەکانی تر تاج ئاوازە دلڕفێنەکانی زۆربەی شوانەکانی ناوچەی باکوور دەگرین وسەیری دیمەنی کەپەنەك ومێگەل و ئەشکەوت دەکەین ئەم ڕاستیەمان بۆڕۆن دەبێتەوە .

پ ٣ - بیروڕات چیە بەرامبەر بە کۆڕان و نوێ کردنەوە لە هونەری کوردی دا لە ناوچەی ئۆتۆنومی دا ؟

کاکە سیروان دەڵێ : هەموو شتێك ڕووبە ڕووی گۆڕان و نوێ کردنەوەی هاتوە ، بە تایبەتی مۆسیقا . گەورەترین گۆڕانیشی دە گەڕێتەوە چەند ساڵیکی کەم ، پێش ئیستاوە پاش ئەوەی کە چەند هونەرمەندێکی بەهرە دارو خاوەن توانامان لێ هەڵکەوت و توانیان شێوەشێکی هونەری بەرپابکەن بە- بۆ بوژاندنەوەی هونەر ، وەك کاتێ کە گوێ لە ئاوازە دڵڕفێنەکانی زۆربەی شوانەکانی ناوچەی باکۆر دەگرین وسەیری دیمەنی کەپەنەك ومێگەل و ئەشکەوت دەکەین ئەم ڕاستیەمان بۆڕۆن دەبێتەوە .

پ ٣ - بیروڕات چیە بەرامبەر بە کۆڕان و نوێ کردنەوە لە هونەری کوردی دا لە ناوچەی ئۆتۆنومی دا ؟

کاکە سیروان دەڵێ : هەموو شتێك ڕووبە ڕووی گۆڕان و نوێ کردنەوەی هاتوە ، بە تایبەتی مۆسیقا . گەورەترین گۆڕانیشی دە گەڕێتەوە چەند ساڵیکی کەم ، پێش ئیستاوە پاش ئەوەی کە چەند هونەرمەندێکی بەهرە دارو خاوەن توانامان لێ هەڵکەوت و توانیان شێوەشێکی هونەری بەرپابکەن بە- بۆ بوژاندنەوەی هونەر ، وەك

ماموستایان (ئەودر ئەرەداغی - ولیم یۆحنا وە رزتار حەسەن - ووریا ئەحمەد) و مامۆستایانی تریش .

پ ٤ - ئەرکی هونەرمەندی شۆڕشگێر چیە لەم سەردە مەی شورش دا . بە تایبەتی کە ئێوە لە ناو چینی چەوساوەو جوینیاران دا دەژین وفوتابخانەی ئەوانن ؟

- وەکو هەر شۆڕ شگێرێك لە سەرمان پێویستە کە ئەرکەکانی هونەریمان ئەنجام بدەین و دەنگی شۆڕشی (١٧)ی گەلاوێژی ئەمر بەئەنجامە ناوچینی چەوساوەو تیشکی ڕووناکیان پێ ببەخشین و چاویان بە ئازادی هەڵبهێنین .

ئیتر دوا قسەی کاك سیروان ئەوەیە کە دەڵێ :

هونەرمەندەکان یەك بکەن بۆ پێشخستنی هونەری کوردی و ڕەچاوی بە ڕژەوەندی هونەر بکەن . لە کۆتایی دا بە ناوانی سەرکەوتنی کاك سیروان و گشت هونەرمەندانی ترین .

نزار جلال

بەرهەمێکی نوێ

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، بەم دوایە کتێبێك بەناونیشانی (اصول اسماء المدنو المواقع العراقیه) -بەشی یەکەم- کەوتە بازاڕەوە . کە پارێزەر جمال بابان داینناوە .

کتێبەکە لە (٤١٢) لاپەڕە پێکهاتووەو ، مامۆستای دانەر بنچینەی ناوی هەندێك شارو- گوندو شوێنانی بێنج پارێزگاکانی باکوور لەگەل پارێزگاکانی دیالاو بەغداو سەلاحوددینی دەرخستووە لەگەل چەند زانیاریی یەکی جیۆگرافیو شوێنەواری دیترین .

سەرەڕای دوو پاشکۆ کە کەوتۆتە دواوەی کتێبەکە.. یەکێکیان سەرژمێری هەندێك گوندو ئەوی تریان ناوو شوێنی هەندێك ڕیا پیشان دەدات .

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەڕێز لبید عبدالقادر بەڕێوەبەری گشتی بانکی عەقاری کە کۆشکی کۆماری ئامادە بوو ئاوای خۆی لە دەفتەری تەشریفاتدا تۆمار کرد بۆ سوپاس کردن لە سەرۆکی بەڕێز لەسەر تەرفیعی ناوبراو .

هەروەها بەڕێز محمد صبری بانیژی کۆماری عیراق لە ئێران لە کۆشکی کۆماری ئامادە بوو ناوی خۆی لە دەفتەری تەشریفاتدا تۆمار کرد بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەر سەفەر بۆ شوێنی کارەکەی . هەروەها بەڕێزان عەبد یاسین حسن وەکیلی وەزارەتی ڕاگەیاندن و عفیف عیسی وەکیلی وەزارەتی ئاودێری و سعید مالك العلی وەکیلی وەزارەتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ و دوکتۆر عەزیز عبدالمجید بەڕێوەبەری گشتی بەرهەنەدو عەمباراوەکان لە کۆشکی کۆماری ئامادە بوون و ناوی خۆیان لە دەفتەری تەشریفاتدا تۆمار کرد بەپێی ئەرکەکانیان لە دەرەوەی وڵاتەوە .

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرمانده :

خوێندکارانمان لە یۆگسلافیا سڵاو لە هەڵوێستەکانی حزب و شۆڕش ئەکەن ..

ئەندامانی کۆنگرەی دوازدەهەمی یەکیەتی نیشتمانی خوێندکارانی عیراق لقی یۆگوسلافیا سڵاویان لە ڕێڕەوە سەرکەوتوە کردوە کە شۆڕشی ١٧ی تەموز بە ڕابەرایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردایەتی دەکاو هەروەها سڵاویان لە هەڵوێستەکانی کردوە لە پشتگیری هەسەلەکانی نەتەوەی عەرەبدا .

ئەمە لە بروسکەیەکداهاتوە کە لەکۆتایی کۆنگرەکەدا بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرماندەاحمد حسن البکریان ناردوەو ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

ئێمە ئەندامانی کۆنگرەی دوازدەهەمی یەکیەتی نیشتمانی خوێندکارانی عیراق لقی یۆگوسلافیا کە لەزێر دروشمی (ڕاست چەکی دەستمانە لەچەکی بنیاتنان و ڕزگاری دا) بەسترا ، بەپێی ئەواوبونی کاروباری کۆنگرە کەمانەوە بەرزترین ڕێزو شانازیمان بۆ بەڕێزتان بەرز دەکەینەوە لەسەر ئەو هەڵوێستە خەباتگێڕانە کە شۆڕشی ١٧ی تەموز جێگای هیوای جەماوەری عەرەب وەریان دەگرێ بەرەبەرەجدانەوەی ئەو پیلانانە کە لەیمبریالیزم و زایۆنیزمی جیهانی ڕێکیان دەخەن و کۆنەپەرستی عەرەب جێ بەجێیان دەکا .

ئەو دەستکەوتو سەرکەوتنەتەوژمگێڕانە کە شۆڕشی ١٧ی تەموز بەدیهێنراوە کە ئەنجامی ئەنجامی ڕوانگەی سۆشیالیستی بەدەستی هێناون لەسەر ئێمەش وەك دەستەیەکی شۆڕشگێڕی خەباتکەر پێویست دەکا کە بەردەوام بەرەوپێش بچین بۆ بەشداری کردن لە قۆل کردن و دەوڵەمەندکردنی سەرکەوتنەکانی شۆڕش دا بە هێندێك دەست پێشخەری باش و بنیاتنەر لە تێکۆشان و بەردەوام بون و بەرەوژوور چون و ڕاوەستان لە یەك ڕێزدا لەپشت سەرکردایەتی زانایانەتانەوە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەل و نەتەوەی تێکۆشەری عەرەبمان .

هەر بژین وەك باوکینگی فەرمانده .

بەشدارانی کۆنگرەی دوازدەهەمی یەکیەتی نیشتمانی خوێندکارانی عیراق لقی یۆگوسلافیا .

پاشماوەی : ئەواوبونی ..

جێگری سەرۆك وەزیرانو وەزیری بازرگانی دەرەوەو « جون ئاین جل » جێگری وەزارەتی دەرەوەو « لی کی سون » جێگری وەزارەتی کاروباری ئابووری دەرەوەو چەند کاربەدەستێکی تر .

هاوڕێ یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە سەرەتای دوا کۆبوونەوەدا سیاسەتی حزب و شۆڕشی لەڕووی عەرەبی و جیهانیەوە ڕوون کردەوە لەگەل هەڵوێستە مەبدەئیەکانی لەرەفزکردنەوەی جارە وبڕۆژە خو بەدەستەوە دەرو پاکژدانەکانی کە لە ڕووی عەرەبیەوە هاتونەتە کایەوەو مەبەستیان لە ناوبردنی شۆڕشی فەلەستینەو لیدانی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب .

هاوڕێ العیسمی پاشگرتنی حزب و شۆڕشی بۆ بزوتنەوە ئازادیخوازانەکانی جیهانی سێیەم و بزوتنەوەی بێ لایەن ساغ کردەوە بە بێ باوەڕی لە پشتگرتنی هەموو بزوتنەوەیەکی دوژمن بە ئیمبریالیزم و زایۆنیزم و ڕەگەزپەرستی .

هەروەها

ئه‌مسال .. گه‌وره‌ترین نه‌خشه‌ی رۆشنبیری له لادێ کانی وڵاتدا ده‌ست پێ ئه‌کات

«هاوکاری» زانیویه‌تی که دامه‌زراوی گشتی رۆشنبیری جوتیاران نه‌خشه‌ی پێشنیارکراوی ئه‌مسالی وا دیاری کردوه که (٤٣) هه‌زارو (٨٥٩) فه‌لاحی ژن و پیاو رابه‌ری هه‌ره‌وه‌زکاری له هه‌زارو (١٩٣) ده‌وره‌ی سه‌ره‌تایی و راهێنان و چالاکی‌دا مه‌شقیان پێ‌بکرێ .

(رافع سحاب احمد) سه‌رۆکی دامه‌زراوی گشتی رۆشنبیری جوتیاران ئاشکرای کردوه ، ئه‌م نه‌خشه چاوه‌ڕێ کراوه ، هه‌موو پێویستیه‌کی جێبه‌جێ کردنی له‌به‌ر روونا‌کی تاقی کردنه‌وه‌کانی پێشوماندا بۆ دانراوه‌و بریتی‌یه له (٥٦٦) ده‌وره‌ی سه‌ره‌تایی بۆ مه‌شق پێ‌کردنی (٢١) هه‌زارو (٨٠٨) فه‌للاح و (٢٧٦) ده‌وره‌ی سه‌ره‌تایی بۆ مه‌شق پێ‌کردنی (٩) هه‌زارو (٤٩٢) فه‌للاحی ژن .

هه‌ر ده‌وره‌یه‌ك (٦) رۆژ ئه‌خایه‌نێ که (١٨) باسی تیادا پێشکه‌ش ئه‌کرێ و له ناوچه هه‌ره‌وه‌زکاری‌یه کشتوکالیه‌کان ئه‌به‌سترێ و هه‌ر چاره‌ی (٤٠) فه‌للاحی ژن یان پیاو به‌شداری تیا ئه‌که‌ن که هه‌ر یه‌که‌یان رۆژی (٥٠٠) فلسیان له رۆژانی ده‌وره‌که‌دا بۆ سه‌رف ئه‌کرێ .

ده‌وره‌ی راهێنانیش (٢٨١) ده‌وره ئه‌بێ که (١٠) هه‌زارو (٩٨٠) فه‌للاح به‌شداری تیا ئه‌کاو (١١) ده‌وره‌ی تری به‌و جۆره‌شی (٥٦٠) فه‌للاحی ژن به‌شداری تیا ئه‌کات و هه‌ر ده‌وره‌یه‌ك (١٠) رۆژ ئه‌خایه‌نێ و (٤٠) باسی تیا پێشکه‌ش ئه‌کرێ که له به‌رێوه‌به‌رایه‌تیه‌کانی رۆشنبیری جوتیاران ئه‌به‌سترێ و هه‌ر چاره‌ی (٤٠) به‌شداری تیادا ئه‌که‌ن و بۆ هه‌ر به‌شدار بویه‌ك یه‌ك دینارو نیو له رۆژانی ده‌وره‌که‌دا سه‌رف ئه‌کرێ .

سه‌روکی دامه‌زراوی ناوبراو وتی : نه‌خشه‌که بایه‌خی به به‌ره‌پێدان و گه‌شه پێدانی توانای رابه‌ری هه‌ره‌وه‌زکاری داوه بۆ بڵاوکردنه‌وه‌ی هوشیاری هه‌ره‌وه‌زکاری و پێشکه‌وتو هه‌ره‌وه‌ز کاریه‌کان و قوتابیانی به‌شی هه‌ره‌وه‌زکاری له زانکوی مستنصریه و ئافره‌ته رابه‌ره‌کانی لادێکان (مرشدات الریف) به‌شداری تیا ئه‌که‌ن و سه‌بارەت ئیداره‌ی رێکخستنی کشتوکال و هه‌ره‌وه‌زکاری و به‌رهه‌می ئاژه‌ل باس پێشکه‌ش ئه‌کرێ .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه نه‌خشه‌ی دامه‌زراوی گشتی دیسان مه‌لبه‌نه‌ی هاوکاری رابوردو سه‌رکه‌وتنیکی گه‌وره‌ی له هه‌موو رووبه‌کی چالاکی‌به‌وه به‌دی‌هێناوه ، ژماره‌ی مه‌شق‌پێ‌کراوه‌کانی گه‌یشتوته (٢٦) هه‌زار جوتیاری ژن و پیاو رابه‌ری هه‌ره‌وه‌زکاری و کشتوکالی ته‌کنیکی که بڕیاریش وابو (١٩) هه‌زار مه‌شق کراوبێ .

«٨٣» موچه‌خۆر له‌کاروباری گه‌شه‌کردنی لادێ‌داو مه‌شق‌پێ کردنی (٢٠٠) کادیری فه‌للاحی له ده‌ره‌وه‌ی وڵاتدا .

له رووی چالاکی هونه‌ری ئاراسته‌وه سه‌رۆکی دامه‌زراوه‌که وتی : (٤١) خانوی رۆشنبیری له لادێکاندا له کرێته‌وه‌و هه‌شت باریزگادا ئه‌کرێته‌وه‌و هه‌زارو (٤٦٤) کۆڕی رۆشنبیری ئه‌به‌سترێ و دوو هه‌زارو (٨٠٨) کۆڕی فلیمی سینه‌مایی ئه‌به‌سترێ و (١٣٢) تیپی وه‌رزشی دروسته‌کرێ و (٥) هه‌زارو (٤٠٠) رۆژنامه‌و گۆڤاری به‌سه‌ردا دابه‌ش ئه‌کرێت .

رۆشنبیری جوتیاران ساڵی (٧)ی نیساندا (١١) ده‌وره‌ریك ئه‌خا که (٢) تا (٣) مانگ ئه‌خایه‌نێ و (٣٥٦) مه‌شق‌که‌ر له به‌رێوه به‌رایه‌تیه‌کانی رۆشنبیری جوتیاران و رابه‌ره یاریده‌ده‌ره‌کانیان و رابه‌ره خوازی له نێوان فه‌للاحه‌کاندا، نه‌خشه‌که وای دیاری کردوه که (٥٩) ده‌وره‌ی چالاکی به‌به‌سترێ (١٠ و ١٩) رابه‌ری هه‌ره‌وه‌زکاری له ماوه‌ی دوو هه‌فته‌دا (٦٠) باسیان ده‌رباره‌ی کاروباری هه‌مه چه‌شنه‌ی کشتوکالی پێشکه‌ش بکرێ .

ده‌ستی بۆ ئه‌وه‌ش کێشا که نه‌خشه که ئه‌وه‌شی تیادایه (١٠١) ده‌وره‌ی شاره‌زایی بۆ ئه‌و فه‌للاحانه ئه‌به‌سترێ که له‌کێڵگه‌کانی ده‌وڵه‌ت و کێڵگه هه‌ره‌وزیه‌کانداو به‌روه‌رده‌ی به‌له‌وه‌رو گامیش و هه‌نگ و دارستانه‌کاندا کار ئه‌که‌ن بۆ روونا‌ك بیرکردنی کادیره ئافره‌ته کان و لادێیه کۆچه‌ریه‌کان که ژماره‌یان ئه‌گاته (٣) هه‌زارو (٦٣٢) .

دیسان ده‌وره‌ی تری مه‌شق ئه‌به‌سترێ بۆ ئامادەکردنی (٤٣٠) کادیری فه‌للاحی له رووی ئیداره‌و رێکخستنی کێڵگه‌ی هه‌ره‌وه‌زیه‌وه‌و کشتوکالی نوێی به مه‌کینه‌و رێکخستنی تیا نووسه‌کانی ئیداره‌و به‌رهه‌می ئاژه‌ل‌و ئیداره‌ی دارایی له هه‌ره‌وه‌زکاری‌یه کشوکالیه‌کان هه‌روه‌ها مه‌شق پێ‌کردنی سه‌روکی فه‌رمانده به‌ریز احمد حسن البکر و به‌ریز صدام حسین کردوه که وه ستانی ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵه‌که‌ی وه‌ك سه‌ربازی به وه‌فا سه‌لماندوه بۆ خزمه‌تی زانستی و له پێناوی پاك پێوه‌نانی ره‌وره‌وه‌ی گه‌شه‌سه‌ندن له وڵاته‌که‌مانداو به‌دی هێنانی ئامانجه‌کانی شۆڕشی ١٧ی ته‌موز به سه‌رکرداره‌تی حزبی به‌عسی سۆشیالستی عه‌ره‌ب .

پاشماوه‌ی : سه‌روتار .

داگیرکه‌رانی وڵاتی بکه‌وێته سه‌وداو ماماله‌و سه‌رشۆڕ کردن‌و خۆ فرێ‌دانه باوه‌شی ئیمپریالیزمه‌وه .. هه‌ر خۆشی دوا رۆژه‌نی هه‌ر فه‌رمانڕه‌وایه‌که که پشت بکاته ئه‌ل‌و باوه‌ڕی میللات به‌ڕێنێ‌و بکه‌ویته سه‌ر ڕێبازی خیانه‌تی وڵات به‌بێگانه فرۆشتن له حه‌یائی خۆ راگرتن له‌سه‌ر کورسی فه‌رمانڕه‌وایی !! ئه‌مه‌ش ـ له بنچینه‌دا ـ هه‌ڵوێستێکی سروشتیه له رۆژنه‌تك که له‌سه‌ر ئوه‌رایی بنیات نراوه .

هه‌ڵوێستی وڵاته‌که‌مان له مه‌یدانی پێشنگری داگیرکه‌رانی زایۆنی‌دا به ته‌واوی به پێچه‌وانه‌ی ئه‌م ره‌فتاره سه‌ر لێ‌شێواوانه‌یه‌یه ، ئه‌مه له ووته‌کانی سه‌رۆکی فه‌رمانده‌دا ده‌رده‌که‌وێ که وا رێگای پێشگری کردن له دوژمنکاری زایونی‌و ڕزگار کردنی خاکی داگیرکراو ته‌نها به دامه‌زراندنی به‌ره‌ی ڕووروو زامن ئه‌کرێت که هه‌مو توانای سوریایی هه‌ر دو سوپای سوریاو عیراقی تیدا کۆبکرێته‌وه‌و وزه‌ی نابووری‌و گه‌لی هه‌ر دو وڵاته‌که‌ی بۆ لێك بدرێ له جوار چێوه‌ی به‌رنامه‌یه‌کی تێکۆشانی دووره مه‌وداداو رێکه به کراوه‌یی به‌جێ بهێلرێ بۆ هه‌ر وڵاتێکی عه‌ره‌بی که بیه‌وێت له به‌تین کردنی خۆ ڕاگرتن‌و ئازاد کردنی خاکی داگیر کراودا به‌شدار بێت .

به‌ڵام کاتێ که رۆژمی کۆمه‌ڵای سوریا ته‌نها به‌رێگای شه‌یتانی‌دا مل ئه‌نێ‌و رێگای خیانه‌ت به ئاسانیه‌وه ئه‌گرته‌به‌ر ، ئه‌وا به‌مه خۆی‌ئه‌کاته به‌که‌م ئامرازی ده‌ستی ئیمپریالیزم‌و کوته‌کی که‌وره‌ی‌ده‌ستی ئه‌و بۆ به‌جێ هێنانی نه‌خشه‌کانی‌و ، به‌مه‌ش ئه‌که‌وته شان له شان دانی هه‌میشه‌یی‌یه‌وه له‌گه‌ڵ هێزه نیشتمانی‌و به‌شه‌ره‌فه کان‌دا و هه‌ر به‌هاوبه‌یمانی هه‌تا هه‌تایی‌هێزه کۆنه‌به‌رسته ره‌شه‌کان‌و خۆ به‌ده‌سته‌وه ده‌ره‌کان ئه‌مێنێته‌وه .

ده‌وری ئیستای هێزه‌کانی رۆژه‌ی کۆمه‌ڵای سوریا له لوبنان‌دا که به‌رده‌ی به‌هێزی ناوبۆی‌که‌ری عه‌ره‌بیان به‌سه‌ردا دراوه ، به‌شێکی سه‌ره‌کیه له ئه‌خشه‌ی ئیمپریالیستیه‌که‌ی کۆرین بۆ له کارخستن و چه‌وك پێ‌دادانی جوڵانه‌وه‌ی به‌رگری فه‌له‌ستین به داهاتینی چه‌که گرانه‌کانی‌و سه‌ندنه‌وه‌ی چه‌کی خۆپاراستن له خه‌یه‌ی‌ای فه‌له‌ستینیه‌کان‌و به‌رگری فه‌له‌ستین به‌ستانه ناو گه‌رووی ده‌ستاری هێزه داگیرکه‌ره‌کان‌و هێزه‌کانی ئیسرائیل جگه له هه‌ڕه‌شه‌و توڕه‌شه‌و هیرشی ئه‌وان به دوای چه‌کدا .

هۆشیاری گه‌لان‌و گیانی ئازادیخوایی له‌چه‌رخی بیسته‌مدا گه‌لێك له‌وه ئه‌وره‌تره که به‌کرێ گیراوه کۆن‌و نوێ‌به‌کۆن خه‌یالی لێ‌ده‌که‌ن‌و ، گیانی قوربانی‌و فیداکاریش له‌ناو کۆمه‌ڵانی خه‌لکدا له هه‌ر کاتێکی تر به‌رزو به تاوتره‌و کۆمه‌ڵانی خه‌لکی قاره‌مانی سوریاش هه‌میشه پێشره‌وو نموونه‌ی‌تونده‌ی لێدانی به‌کری گیراوان‌و ڕاونانی ستەمکاران بوون .

لقی کۆمه‌ڵی زانستی‌ژیان له‌ناوچه‌ی ئۆقاڤۆمی

یه‌ك شه‌مه‌ی رابوردوو له‌ڕاپۆرتی سلیمانی لقی کۆمه‌ڵی زانستی ژیان (بایولوجیا) له‌ناوچه‌ی ئۆقاڤۆمی دامه‌زراندا .

ئه‌م بۆنه‌یه‌وه ئاهه‌نگی له مه‌لبه‌ندی رۆشنبیری‌و کۆمه‌ڵایه‌تی له زانکوی سلیمانی گێڕرا که به‌ڕێز عدنان مصطفی جێگری پاریزگاری‌و هه‌فسال نوێنه‌ری رێکخراوی حزبی به‌عسی سۆشیالستی عه‌ره‌ب له پاریزگاکه‌و سه‌روك‌و ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی به‌ڕیوه‌به‌ری کۆمه‌له‌که ئاماده بوون .

ده‌زگای به‌ڕیوه‌به‌ری بروسکه‌یه‌کی ئاراسته‌ی سه‌روکی فه‌رمانده به‌ریز احمد حسن البکر و به‌ریز صدام حسین کردوه که وه ستانی ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵه‌که‌ی وه‌ك سه‌ربازی به وه‌فا سه‌لماندوه بۆ خزمه‌تی زانستی‌و له پێناوی پاك پێوه‌نانی ره‌وره‌وه‌ی گه‌شه‌سه‌ندن له وڵاته‌که‌مانداو به‌دی هێنانی ئامانجه‌کانی شۆڕشی ١٧ی ته‌موز به سه‌رکرداره‌تی حزبی به‌عسی سۆشیالستی عه‌ره‌ب .

راسپارده‌ی نوێ سه‌بارەت ئه‌وه‌ی قوتابیانه‌ی له‌ده‌ره‌وه‌ی قوتابخانه‌ و به‌شداری تاقیکردنه‌وه‌ی گشتی پیشه‌یی ئه‌بن

دامه‌زروای فێرکردنی پیشه‌یی ، راسپارده‌ی نوێ ده‌رکرده‌وه ، سه‌بارەت به‌شداربوونی قوتابیانی ده‌ره‌وه‌ی قوتابخانه پیشه‌ییه‌کان له تاقی‌کردنه‌وه‌ی گشتی‌دا .

راسپارده‌کان بریتین له ڕێگادان بۆ ئه‌و قوتابیانه‌ی خۆیان ناو نووس ئه‌کرده‌وه له سالی خوێندنا ده‌وامیان ئه‌کرده ، تا له تاقی‌کردنه‌وه پیشه‌ییه‌کاندا به‌شداربن .

مه‌رج دانراوه ، سه‌بارەت ئه‌و قوتابیانه‌ی به‌شداری تاقی‌کردنه‌وه‌ی گشتی خوێندنی ئامادەیی نه‌بن ، سێ ساڵ به‌سه‌ر ده‌رچونیاندا له قوناغی ناوه‌ندی خوێندنی پیشه‌یی تێ په‌ڕی‌بێ ، وه تاقی کردنه وه‌یه‌کی قوتابخانه‌یی بۆ بکرێ که ڕێگای به‌شداربوونی بدات له تاقی کردنه‌وه‌ی گشتی‌دا ، جا سه‌رکه‌وتوبێ یان نیکه‌ال بێ .

دیسان مه‌رجی ئه‌وه دانراوه ، ئه‌و قوتابیانه‌ی ئاره‌زووی به‌شداربوون له تاقی کردنه‌وه‌کانی کشتوکال‌و پیشه‌سازی‌دا ئه‌که‌ن ده‌وره‌یه‌کی هاوینه ته‌واو بکه‌ن .

راسپارده‌کان کوتایی یه‌که‌م هه‌فته‌ی مانگی ئیسانی خوێندنی ئه‌مسالی دیاری‌کردوه بۆ وه‌رگرتنی داواکاری هه‌روه‌ها کاتی تاقی کردنه‌وه‌ی قوتابخانه‌یی ئه‌و قوتابیانه‌ی له ١٢ـ٤ـ١٩٧٧ دیاری کردوه‌و (١٠) رۆژ ئه‌خایه‌نێ .

پاشماوه‌ی : سه‌روك البکر

احمد حسن البکر نامه‌یه‌کی ده‌سنوسی سه‌رۆکی کۆریا هاوڕێ کیم ئیل سونگ‌ی وه‌رگرتوه هاوڕی چل سلاوی هاوڕێ سۆنگ‌و ئه‌و هه‌ستی دۆستانه‌و ڕێزه‌ی گه‌لی کوریا به‌رامبه‌ر گه‌لی عیراق هه‌یه‌تی به هاوڕێ البکری گه‌یاندوه هاوڕێ ئه‌ندامی مه‌کتبی سیاسی لیژنه‌ی مه‌رکه‌زی حیزبی کاری کوریاو سه‌روکی وه‌زیرانی خۆشحالی خۆی‌و ئه‌ندامی وه‌فده‌که‌ی نیشان داوه به‌وه‌ی که له‌گه‌ڵ هاوڕی ئه‌میندار‌ی نه‌ئینی سه‌رکرداید‌ه‌تی قوتری حیزب‌و سه‌روك کۆماری وسه‌رکرده‌کانی حیزب‌و شۆڕشی ١٧ی ته‌موزدا که ده‌ستکه‌وتی ئیجگار گه‌وره‌ی له‌مه‌یانی ناو خۆو ده‌ره‌ودا وه‌ده‌ست هێناوه به‌یه‌ك گه‌یشتون .

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که‌وتنه‌که‌دا باسی دۆخی ناوچه‌ی عه‌ره‌ب‌و دنیا کراوه وه‌بیرورا له باره‌ی به‌ته‌وکردنی به‌یوه‌ندی نیوان عیراق‌و کۆریای دیموکراتیدا ئاڵوگۆڕکراوه بۆبه‌و کردنی خه‌باتیان دژی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنه‌به‌رستی‌و هێنانه‌دی ئامانجی هه‌ردووگه‌لی دۆست .

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که‌وتنه‌که‌دا به‌ڕێز منذر عریم جێگری وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌و به‌ڕێز بالوێزی کوریا له کۆماری عیراقدا ئاماده‌بون .

ئا.د.ع

ریکه‌وتنی نوێ دروست کردنی ئیستگه‌یه‌کی وزه‌ی به‌رزی کاره‌بایی له رۆژهه‌ڵاتی به‌غدا

ئیواره‌ی یه‌ك شه‌مه‌ی‌رابوردوو ، وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی‌و کانزاکان له گه‌ڵ کومپانیایه‌کی ئیتالیا ریکه‌وتنیکی مۆرکردبۆ دروست کردنی ئیستگه‌یه‌کی وزه‌ی به‌رزی کاره‌بایی له رۆژهه‌ڵاتی به‌غدا که‌شه‌ش ملیون‌و (٢٥٠) هه‌زار دیناری تێ ئه‌چی .

ریکه‌وتنه‌که له جیاتی وه‌زاره‌ت ، به‌ڕێز فلیح حسن الجاسم وه‌زیری پیشه‌سازی‌و کانزاکان مۆری کردوو له جیاتی کومپانیاکه‌ش به‌ڕیوه‌به‌ری بازرگانی کومپانیاکه مۆری کرد .

به‌ڕێز (الجاسم) له وته‌یه‌کدا که به بۆنه‌ی مۆرکردنی ریکه‌وتنه‌وه‌که‌وه دای وتی کاره‌با بنچینه‌ی پێشکه‌وتنی شارستانیه‌ته‌که شۆڕشی ١٧ی ته‌موز به‌سه‌ر کردایه‌تی حزبی به‌عسی سۆشیالستی عه‌ره‌ب ئه‌یه‌وێ بیچه‌سپێنێت .

ئه‌م ئیستگه‌یه قوتاغی یه‌که‌می پرۆژه‌ی تۆریکی هیزی به‌رزه که‌بریتی ئه‌بێ له ره‌ت له‌وه‌وپێش موناقه‌سه‌ی دروست کردنی پێنج ئیستگه‌ی دروست کردنی قوناغی یه‌که‌می ئامادەیی به هێله‌کانی هیزی هێڵه‌کانی گواستنه‌وه‌ی به‌رزه‌وه له ئیستگه‌کانی پرۆژه‌که‌ی دابه چه‌نده وزه‌ی کاره‌با ئه‌به‌سترێ . کومپانیایه‌کی جیهانی که ئه‌وه‌ی شایانی باسه‌،وه‌زاره‌تی (٤٥) ملیون دیناری تێ ئه‌چی .

له سه‌رێ

روی رۆژ به بێژنگ ناگیرێ

باوکی به‌ختیار ●

ئه‌مڕ سه‌ده‌ی بیسته‌مه سه‌ینێ به‌ره‌و سه‌ده‌ی نوێ هه‌نگاو ده‌ینین به داخه‌وه هێشتا واین له سه‌ده‌ی نوزده‌هه‌مینداد . هه‌ورێکم مروڤێکی خوێنده‌واره تاو تاویش به‌دم لاسایی کردنه‌وه خوی هه‌ڵ ئه‌قورتێنێته سیاسه‌ته‌وه . به‌ڵی چله‌وی بۆ ئه‌سپی خه‌یالی شوڕکردو ده‌ستی‌کرد به ووردە گله‌یی که گوایه نابێت وا کم ته‌رخه‌می بکرێت له‌باری زانیاری‌و ئابوری‌یه‌وه‌و ده‌بێت بایه‌خی ته‌واو بدرێت به ته‌ن دروستی‌و به زانیاری‌و هتاد ..

کۆڕی دانیشتنه‌که‌مان گه‌رم بو یه‌کێك له خاوه‌ن بیره کلاسیکیه‌کان که‌وته به‌شی کۆڕه‌وه تاو تاو پێشیناری سه‌یر سه‌یری ته‌خشانو په‌خشان ده‌کرد ، گوێم شل کرد بۆ ئه‌وه‌ی سودمه‌ند بم له بیرکردنه‌وه‌کانیان بێ‌گومان سودی تێداوه ده‌ست دێت چونکه هه‌مو قسه‌یه‌کی باش کاری‌باشی لێ ده‌شێته‌وه . به‌ڵام مرۆڤێك که هه‌ستی کرد به‌رامبه‌ره‌که‌ی کینه‌یه‌کی تایبه‌تی هه‌یه به‌رامبه‌ر به رێبازی نوێ ، بێ‌گومان تاو تاویش ئه‌گه‌ر شتێکی باشیش بڵێت به‌رامبه‌ره‌که‌ی یا دانیشتوان هیچ فه‌رێك به واته‌کانی نادەن .

یه‌کیکی کۆڕه‌که‌مان زۆر به کینه‌وه پی‌ی‌داده‌کرد (ئه‌م ده‌بو یا سه‌ره له‌قی‌بۆ بکه‌ین یان بڵین وایه‌ خو ئه‌گه‌ر وامان نه‌کردبایه ئه‌وه به پی‌ی فه‌رهه‌نگی بیری ئه‌و ئێمه به ڕکێ گیراو داڵه‌نراین ..

جا با بێمه‌وه سه‌ر ئه‌م مرۆڤه خاوه‌ن به‌هره‌یه به‌ڵی به هه‌رچ جۆرێك بێت بوه خاوه‌نی (پله‌ی زانیاری مامۆستا هه‌ی مامۆستا . ته‌نانه‌ت له پێکهێنانی رسته‌کانیشدا مامۆستایه به‌ڵام له شتێکدا مامۆستا نی‌یه ئه‌وبش ، نازانێ زوربه‌ی مرۆڤانی تر له خوی باشتر خوی ده‌ناسن ده‌ستی کرد به هاشه‌و هوشه ، ئه‌مه خاوه‌نی قه‌له‌می پاك ئه‌م گوایه ئامادە نیه به‌سه‌رو پۆته‌ڵی که‌سدا بێته خواری وه بایه‌خ بدات به که‌س چونکه ئه‌م هه‌ڵگری بیروبروایه به‌ڵی هه‌ڵگری بیرو بروایه !! ئامادەنی‌یه کویله‌یی بکات ئه‌م ته‌نها ئامادەیه خزمه‌تی زبانی خوی گه‌له‌که‌ی بکات ئیتر چ کاریکی نی‌یه به‌سه‌ر ئه‌وه‌وه که بکه‌وێته ستایش که‌سێکی تر وه یا (پولاتیقه) بکات بو که‌سانێکی بێگانه به‌گه‌له‌که‌ی ، له دڵی خومدا (ده‌مووت درۆزن روت ره‌ش‌بێت) به‌ڵی که‌وته سه‌رو پوته‌لاکی که‌سانێك که ئیستا که‌وتونه‌ته که‌لاوه‌ی میژوه‌وه وه گه‌ل ئه‌فه‌روژی کردون ،لێره‌شدا دیسانه‌وه ئه‌و لاپه‌رانه‌ی رۆژنامه‌کانی چه‌ند ساڵێك له‌مه‌و به‌رم هاته‌وه پیش چاو که مامۆستای خاوه‌ن به‌هره‌ی پله‌ی به‌رزی زانیاری که ، تیدا کورنوشی‌ده‌برد بۆ ئه‌و پانه‌وانه له مه‌وبا د ست گراوانه ،به‌ڵی ئیستاش مامۆستای به‌رێز ده‌یه‌وێ خه‌ڵکی باوری پێ‌بکات که گوایه (وه‌ته‌نی‌یه‌ وامۆستا یه‌وێت روی رۆژ به بێژنگ بگرێت ، مامۆستا گه‌رمه له دوانه‌کانیدا کۆڕه‌که‌یش جار جار سه‌ره‌له‌قی‌ی بۆ ده‌که‌ن‌و وایه وایه‌ی پێده‌ڵین ، مامۆستایش گه‌رمه له دارشتنی رسته پڕ له مرواریه‌کانیدا ، وا ده‌زانێت کۆڕه‌که‌ی گه‌وج کردوه به‌ڵی له ده‌ریای بیری قولیه‌وه گه‌ره‌که‌ی شه‌و چراخ هه‌ڵده‌هێنجێت .

مامۆستا به‌و بیره چه‌وته جارێکی تر ناتوانێت خه‌ڵکی به‌فریو به‌رێت ، که‌وهه‌ره‌کانت هه‌موی به‌ردی بێ به‌هایه ، ده‌هوله‌که‌یشت تازه‌که‌س پی‌ی‌هه‌ڵ ناپه‌رێت تا زووه ئاشێکی تر بدآزه‌ره‌وه بۆ باراشه‌که‌ت . تازه رۆیی ئه‌و ده‌مه‌ی که به خه‌یالی‌خوت ئرکه‌نرکت تیدا ده‌کرد خه‌ڵکی ساوێلکه‌ت به‌فریو ده‌برد له پشته‌وه ده‌رویشتن رۆژیان ل‌ی‌ده‌گرتی . خوت ده‌رمه‌خه ئه‌گه‌ر به‌واته‌ی من ده‌که‌یت . هێزی ته‌واو بده به‌و پله‌ی زانسته‌یه‌ی وه ده‌ستت هێناوه به‌گزیو فزی و خوت سه‌ر له نوێ فێر بکه‌ره‌وه تازه نه‌ده‌هولی تو خه‌ڵکی هه‌ڵ ده‌ڕێنیت نه به هاشه‌و هوشه‌کانت ده‌ستیان ده‌بڕێت . به‌سه با توزی تا‌ام بکرین ئیمه تێر بوین له هاشه‌و هوشه . ئیستا ی‌ویستیمان به قوتابخانه‌و زانی ناسوده‌گی هه‌یه ی‌ویستیمان به‌خوشه‌ویشتی‌و ئاوه‌دان‌کردنه‌وه هه‌یه ، به‌ویرانی به کۆڵه‌واری‌و ده‌ر به‌ده‌ری .

وه ئه‌ی سه‌لماندوه که ریکخراوه‌که هه‌وڵ ئه‌دات ریکه‌وتن‌و ئیمانی نێو ده‌وڵه‌تان‌ له‌ باره‌ی ده‌ستیوه‌ردانی ناشه‌رعی‌و خۆی کاروباری فرۆکه‌وانی مه‌ده‌نی‌یه‌وه مۆر بکات .

راسپارده‌ی نوێ سه‌بارەت قوتابیانه‌ی له‌ده‌ره‌وه‌ی قوتابخانه‌ و به‌شداری تاقیکردنه‌وه‌ی گشتی پیشه‌یی ئه‌بن ●

دامه‌زروای فێرکردنی پیشه‌یی ، راسپارده‌ی نوێ ده‌رکرده‌وه ، سه‌بارەت به‌شداربوونی قوتابیانی ده‌ره‌وه‌ی قوتابخانه پیشه‌ییه‌کان له تاقی‌کردنه‌وه‌ی گشتی‌دا .

راسپارده‌کان بریتین له ڕێگادان بۆ ئه‌و قوتابیانه‌ی خۆیان ناو نووس ئه‌کرده‌وه له سالی خوێندنا ده‌وامیان ئه‌کرده ، تا له تاقی‌کردنه‌وه پیشه‌ییه‌کاندا به‌شداربن .

مه‌رج دانراوه ، سه‌بارەت ئه‌و قوتابیانه‌ی به‌شداری تاقی‌کردنه‌وه‌ی گشتی خوێندنی ئامادەیی نه‌بن ، سێ ساڵ به‌سه‌ر ده‌رچونیاندا له قوناغی ناوه‌ندی خوێندنی پیشه‌یی تێ په‌ڕی‌بێ ، وه تاقی کردنه وه‌یه‌کی قوتابخانه‌یی بۆ بکرێ که ڕێگای به‌شداربوونی بدات له تاقی کردنه‌وه‌ی

پاشماوه‌ی : به‌ئینی ئه‌مه‌ریکایی

به‌ئینی له ئه‌مه‌ریکادابوه که سیروس فانس وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی دانراوی ئه‌مه‌ریکایی بۆ اسماعیل فه‌همی وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی میسری ناردوه .

وه وتوویه : فانس له نامه‌که‌یدا دڵنیایی ئه‌وه‌ی داوه که حکومه‌ته‌که‌ی له پێناوی به‌هێزکردنی په‌یوه‌ندیه‌کانی دۆستایه‌تی له‌گه‌ڵ حکومه‌تی میسردا کارئه‌کات .

ڕۆژنامه‌ی (الاخبار)ی میسریش بیری رای‌گه‌یاندبوو که حکومه‌تی میسر و ئه‌مه‌ریکاو وڵاتانی ئه‌وروپای رۆژئاوای بانگ کرد وه که به‌شداری بکه‌ن له « سازدان »ی بازاری ناوچه‌ی عه‌ره‌ب .

له ریه‌کی تره‌وه « کۆرت فالدهایم » ئه‌میندار‌ی گشتی ئه‌ته‌وی یه‌گگرتوه‌کان له حه‌وتی مانگی داهاتودا له‌سه‌ر خواستی حکومه‌تی لوبنان سه‌ر له‌وێ ئه‌دات .

سه‌ردانه‌که‌ی فالدهایم ، که تیایدا له‌گه‌ڵ سه‌روك کۆماری‌و سه‌روکی حکومه‌ت‌و وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی لوبناندا کۆئه‌بێته‌وه ، له چوارچێوه‌ی ئه‌و گه‌شته‌دایه که به وڵاتانی عه‌ره‌بدا ئه‌یکات‌و میسر‌و سوریاو ئه‌ردن‌و فه‌له‌ستینی زه‌وت‌کراو ئه‌کرێته‌وه .

پاشماوه‌ی : بۆزاری ده‌ربرین.

بروسکه‌یه‌کی بۆ وه‌زاره‌تی ماڵوچۆ ناردوه تیایا ئه‌ڵێ : ئه‌م باره تاوانباره‌یه‌مان زۆر پێ ناخۆش بوو .. که بو به هۆی ئه‌و زیانه دڵ ته‌زێنه .

Institut Kurde de Paris

● هه‌موو هه‌فته‌یه‌ك

سه‌ربه‌ست

له‌م رۆژانه‌دا یاسایه‌کی نوێی بانقی عیقاری ده‌رچوو به پێی ئه‌م یاسایه سه‌رمایه‌ی بانقه‌که بو به (١٠٠) ملیون دینارو به‌مه بانقه‌که ئه‌توانێت بارمه‌تیکی گه‌وره‌و به‌ر فراوان پێشکه‌ش به کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی بکات‌و ده‌وڕێکی گرنگتر ببێ له چاره‌سه‌کردنی کێشه‌ی نیشته‌جێ کردن و ده‌ست نه‌گه‌وتنی خانوو .

له‌به‌ر ئه‌مه زیادکردنی سه‌رمایه‌ی بانقی عیقاری‌و زیادکردنی ئه‌و پاره‌یه‌ی که به قه‌رز ئه‌درێته ئه‌وانه‌ی خانوو دروست ئه‌که‌ن‌و که‌م‌کردنی قیسته‌کانی قه‌رزه‌که‌و هه‌موو ئه‌و بریارانه‌ی به‌رێز وه‌زیری کارو نیشته‌جێ کردنی رایگه‌یاندن ده‌رفه‌تێکی گه‌وره‌یه بۆ خه‌ڵکی‌و به‌شدارێکی ئیجا بی‌و کاریگه‌ره له چاره‌سه‌ر کردنی تێکرای کێشه‌ی سه‌که‌نی به‌تایبه‌تی له‌و رووه‌وه که وا پاساکه بۆ ئه‌وه‌یه بارمه‌تی کۆمه‌ڵه ته‌عاونیه‌کان بدات له مه‌یدانی دروست کردنی عیماره‌ی ئه‌وه‌ره‌دا سه‌ره‌رای گه‌شه‌دان به بزوتنه‌وه‌ی خانوو دروست‌کردن له لایه‌ن خه‌ڵکی‌یه‌وه .

شایانی باسه که وا کۆمپه‌نیای گشتی هاوردن‌و بڵاوکردنه‌وه‌ی که‌ره‌سته‌ی بینا له‌م رۆژانه‌دا که‌وته کار کردن‌و خه‌ریکی ئیستیرادی چیمه‌نتۆیه‌کی زۆره جگه له‌وه‌ی که له وڵاتدا دروست ئه‌کرێت‌و به پی‌ی چه‌ند پێوانه‌یه‌کی نوێ به‌سه‌ر خه‌ڵکی‌دا دابه‌شی ئه‌کات‌و به‌ته‌مایه له هه‌موو پارێزگاکان لقی خۆی بکاته‌وه ، وه له‌و باره‌وه به‌یوه‌ندی مه‌لبه‌نده‌کانی فرۆشتنی چیمه‌نتو له‌گه‌ڵ وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی بڕاو ئیستاکه سه‌ر به کۆمپه‌نیا تازه‌که‌ن .

دیسان له ئه‌رکه‌کانی ئه‌م کۆمپه‌نیایه فرۆشتنی خشت‌و کاشی‌یه‌و به پی‌ی به‌رنامه‌یه‌کی کاتی خه‌ریکی رێکخستنی فرۆشتن‌و دابه‌ش کردنی خشته‌ی تایبه‌تی که وا زۆربه‌ی زۆری خاوه‌ن کارگه‌کان‌نامرۆژگاریه‌کانی ده‌رگا به پرسیاره‌کان به‌جێ ناهێنن‌و تا دێت ده‌بلی خشت (که ئه‌کاته (٣) سێ هه‌زار خشت) گرانتر ئه‌بێ‌و له کاتێکدا که به‌رزترین نرخی به پی‌ی بزیاره ره‌سمی‌یه‌کان (٣٠ـ٣٧) دیناره ، خاوه‌ن کارگه‌کان به (٧٠ـ٨٠) دیناری ده‌فروشن‌و فرۆشتنی خشت‌و کاشی له لایه‌ن ئه‌وه دابه‌شی‌کردن‌و فرۆشتنی خشت‌و کاشی له لایه‌ن کۆمپه‌نیا گشتی‌یه‌که رێگا له‌وانه ئه‌گرێ که‌وا به پی‌ی به‌رژه‌وه‌ندو ئاره‌زوی خۆیان خشت گران ئه‌که‌ن‌و زیان به کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی

لاوان و ریبان

بڕیارەکانی بەرهەم زیادکردن و ئەنجامە سۆشیالیستەکانی

لەپیشەوە ، شتێکی هەنتقیە ئەم راستیە مێژوییانەی خواردوە ساغ بکەینەوە :

ئالوگۆری سۆشیالیستی بە هەمو ئەنجامەکانیەوە بیەویت و نەیەویت و بنەغەی ئابوری و کۆمەلایەتی پێشو کاری تێ ئەکات .

ئەم کارتێکردنەش تاقمێکی خاوەن هەستەحت دورستی ئەکات کە ئەیەویت شێوەیەکی کۆن و بیرۆکراتیانە پسەپێنیت بەسەر یاسادانی مێژوو بزوتنەوەیدا ، ئەوانە لە زۆر کاتدا بە ئاسانی ئەم کارە ئەکەن ، چونکە هێشتا هۆی دار تێکردن بە دەستەوە مەوە لە کۆمەڵە هەرەس هێناوە کە ئەی بەخشیوە بەهۆی ئەو دەرکا ئابوریانەوە کە لە سەر ئەنجامەکی چینایەتی ئاشکرا بنیات نراون .

زۆر بە ساکاری ئەلێین دەرکا شۆرشگێرە تازەکان بەو خەسیەتە تایبەتیانەوە کە هەیانە .. جۆرێک چاودێری چەماوەری توندو تیژ بەکار دەهێنن (ئەمەش فەرزێکی مێژوویە) . ئەمەی دوایشیان پێویستی بە هوشیاری یەکی سۆشیالیستیانەی تیژ هەیە .

ئەم هۆشمەندیە خۆی لەو تفتوگۆیەرهەمی و چەماوەریانەدا دەواند کە بە شێوەیەکی فراوان کراو هەمو شتی خستەوە شوینەواری مێژوویی و رکۆمەلایەتی خۆی وە ئەو بڕیارانەی دوایی دەرچون بەشێکن لە بەرهەمەکانی ئەو تفتوگویانە .

بەخششەکانی تریش هەر بەردەوام ئەبن . تا بە شێوەیەکی شورشگێرانەی تیژو بەکار کار بکەنە سەر ژیانمان ..

یاری یەك تەمەنی «٥٠٠٠» ساڵە

★ (زۆرانبازی) بە کۆنترین وەرزشی دانەنرێت لە جیهاندا .

ئەم یاریە فیرعونیەکان لە میسر پێشی ٣٠٠٠ ساڵ کردوویانە ، ئەمەش بەو شوێنەوارانەی لەسەر گۆڕەکانیان ماوەتەوەو وێنەی کشراوە دیارە .. ئەم یاریە لە میسرەوە گەیشتە یونان و بوو بە وەرزشێکی تایبەتی و رێسای تایبەتی بۆدانرا ..

★ لە شەڕی تەروادەی نێوان ئەسینا و ئەسبرتەدا (هزمیرۆس)ی بوێژ لە داستانی «ئەلیاذە»دا لەسەر زۆرانبازی نێوان پالەوانی (ئەسینا) کە (تودیسیوس) بووەو پالەوانی (تەروادە) کە (ئەجاکسن)بووە نووسیویەتی .

پاش ئەمە دەورەی ئۆلەمپی بۆ سازکرا کە تا ئێستاش هەر بەشدارە . پاشان یاریەکی زۆرانبازیتر دەرکەوت بەناوی (زۆرانبازی سەربەست ـ المصارعه الحره) وەك لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت مەبەست لە سەربەستی یە لە لێدان و گرتن و تێکشکاندن بەهەر شێوەیەك بێت .

★ (میلو) بەناوبانگترین زۆرانبازی کۆن دادەنرێت کە خەلکی شاری (کورتشە)یە لە (یۆنان) ئەمەش بەوەی توانیو یەتی لە (٣٢) یاریدا سەرکەوتن بەدەستبێنێت .

ئەم یاریە لە (یۆنان)یشەوە گەیشتە (ئاسیا)و لەوێشەوە بۆ (مەنگۆلیا)و لێرە (زۆرانبازی) وەك هۆیەك لە هۆیەکانی ئایینی پەیرەوی ئەکرا .. وە لە سەدەی دووەمدا ئیمپراتۆرەکەیان کەناوی (سومو)بوو هانی ئەم یاریەی ئەداو ئەو کەسەی سەرکەوتووبوایە ناوی ئەنا (ئیمپراتۆری ڕەش) . کێشی زۆرانباز لەم یاریەدا لەنێوان (١٠٠-١٥٠) کیلۆدایە .

★ بە ژاپونی بەم یاریە ئەلێن (سوکو) . لە ساڵی ٨٢٨ ز . ئیمپراتۆری ژاپۆن کەناوی (باتونوکو) بوو بوبوربنیکی لەم بوارەدا لە نێوان دوو منالەکەیدا ڕێکخست وە بۆیاری دابوو ئەوەی سەرکەوتن بەدەستبێنێت بە ئیمپراتۆر . لە ئەنجامدا یەکێکیان کە ناوی (فرشونو) بوو سەرکەوت و کرا بە (ئیمپراتۆر) .

★ وە لە سویسراو نەمساش زۆرانبازی یەك هاتەکایەوە پێیان ئەووت (سوینج) کە بازنەیەك سنوور ئەکشراو لەو دوانەی کە یارئەکەن هەرکامێکیان لێی چووە دەرێ بە (دۆڕاو) دادەنرێت وە لە ساڵی ١٨٦٠ ڕێگایەکی تر بۆ ئەم یاریە دۆزراوەوە بەتایبەتی لە (ئەوروپا)دا بلاوبۆوە پێی ئەووترا (ئەنجوبکۆرومان) .

★ گرنگترینی ئەو وولاتانەی زۆرانبازی یەدا بریتین لە : (بولگاریا) . ئێران ، (تورکیا) ، (یەکیەتی سۆفیەت) .

★ یاری (زۆرانبازی) لە سێ (گێم)دا پێکدێت هەر (گێم)ەی (٣) دەقیقەیە ئەگەر دوو زۆرانبازەکە بەرامبەر یەك وەستان (گێم)ێکی تری ئەخەنەسەر .

ئاوات مەمحود مستەفا
ـسولەیمانی ـ

● بەستی دەورەی (مۆنتریال)و کشانەوەی وولاتە عەرەبیە بەشداربوەکان ئەمەش لەبەر بەشداربوونی (نیوزیلاندە) کە تیمێکی وەرزشی ناردبوو بۆ (خواروی ئەفەریقا)ی رەگەزپەرست

● سەرکەوتنی عێراق بە پالەوانی (ئاسیا)لە (زۆرانبازی ـالمصارعه)دا کە لە (فلیپین) ڕێکخرا .

● سەرکەوتنی (عێراق) بەپلەی سێهەم لە (پالەوانێتی جیهانی بۆ زۆرانبازی) کە لە (وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) ڕێکخرا .

● سەرکەوتنی عێراق بە پالەوانی (ئاسیاو وولاتە عەرەبیەکان) لە (جوانی ـ لەش)دا ..

● دەرچوونی یەکەم کژمەنی نافرەت لە بازدان بە پەروشت)دا کە ئەندامانی (یەکێتی گشتی نافرەتانی عێراق) بوون .

● ڕێکخستنی دەورەی کەنداوی عەرەبی بۆ تۆپی پێ و سەرکەوتنی (کوێت) بەسەر یەکەم، سەرکەوتنی (عێراق)ی بەسەر دووەم .

● سەرکەوتنی تیمی (هەلبژێراوانی نیشمانی بۆ تۆپی پێ) بە سەر تیمی (هەلبژێراوانی یوگسلاڤیای ڤۆڵەمپی) .

● ڕێکخستنی (پالەوانێتی جیهانی سەربازی) بۆ (بەرز ـ کردنەوەی ـ قورەسایی) لە بەغدا .

● سەرکەوتنی تیمی (نەینەوا) بە پالەوانی وولات لە دەورەی (تۆپی سەبەتە)دا .

● سەرکەوتنی (یەکیەتی سۆفیەت) بە پلەی یەکەم لە (دەورەی مۆنتریال) وە (ئەلەمانیای دیموکراتی) بە پلەی دووەم وە(وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا) بە پلەی سێهەم .

● ڕێکخستنی (پالەوانێتی شەترەنج) لە (لیبیا) .

● مانەوەی (موحەممەد عەلی کلای) بە پالەوانی جیهان لە (بۆکس وەساندن)دا و لە (کێشی قورس)دا .

شەمال عەلی قادر

گرنگترین رووداوە وەرزشیکانی ساڵی ١٩٧٦

پەروەردە

لاوان و وەرزش

عبدالقادر خلیل

ناوچەی ئۆتۆنۆمی و لاوانو وەرزش . لەم ساڵانەی دوایدا بایەخی تەواوی پێدرا وە لە هەموو ناوچەکەدا بەتیکرا بوزانەوەیەکی نوێ دیاردەکرێت . لێرەسراوانی زوربەی جەوجولە وەرزشییەکان هەموو توانایەکی خۆیان خستۆتە کارەوە بۆ چڕوکردنی وەرزش لە ناوچەکەدا .

بابینەسەر هێندی کەموکوڕی لەیاری وەرزشەوە وە هێزی هەموانی بو بخەینەکار تا بەسەر ئەو کەموکوڕیانەدا سەربکەوین .

لە هەمرو ناوچەکەدا شوێن یاریەکی داخراوی تیدا نییە کە مەشقی پیویستی تیدا بکریت . ئاشکرایە ئەمرۆ جیهانی پێش کەوتوو هەموو توانایەکیان تەرخان دەکەن بە رواەکانیان تەن درومتو پێش کەوتوو بن تا ئەوانیش لە کرانەو ی زەکاتو گیانەکانیدا بەرهەمی پێویست زەندەست خەن . دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە ناوچە بنرناوەکان شوینی تایبەتی بۆ ئامادەبکرێت تا لاوان تیدا بەرهەم بن وە مەشق بکەن . هەر پەندە ئەمرۆ ئاشکرایە وەرزش تەنها توپی پێی نییە . بەلکو هەمو چەشنە وەرزشیەک دەگرتەوە . قورسایی هەلگرتن ، جمناستیک ، زوران بازی ، بوکسین توپی دەست . مەلەوانی ، راهێنانو پەروەردەکردنی ئەش ، سواری گەلی چەشنی تری وەرزش دیارە زوربەی ئەم جۆرە وەرزشیانە بەتایبەتی ئەو جۆرانەی کە پەنتیبەکی زۆری ناوێت ، ناوچەکەمان ماوە (٥) مانگی بارانو بەفرو سەهۆل بەندان دبێتە هۆی تیروترفت بۆ هێندی جۆری وەرزش وەکو ، باسکت ، فالی ، و هەندیکی تر لە جۆری یاریەکان جا هەر چەندە تربینی دەکرێت باری ئەو جۆرە یاریانە هەر لە دواوەیە بەهۆی نەبوونی شوێن یاری ئامادەکراو لەسەر شێوەی نوێ . لە لایەکی ترەوە بەداخەوە لە ناوچە شاخاویەکاندا شوێن یاری خلیسکاندن لەسەر بەفر هەر دیاری نییە لەگەل ئەوەیشدا ئەم جۆرە یاریە لە ناوچەکەدا نەبوە بەباو .

ئاشکرایە ئەمرۆ نەگەر بێتو تیبی وا بێک بهێنرێ رەنگە لەلای هێندی کەس شتێکی سەیرو بر خەیال بن بەلام ببورن ئەمە دەبێت . وەرزش ئەمرۆ بو هەمو کەسێکە دەبیت بەرگی تەمەلی دابکەنرێت وە بایەخ بدرێت بە تەواوی بە پەروەردەی لاوانو قوتابیان کارکەرانو جوتیاران . وەرزش ئەمرۆ نیشانەی پیش کەوتنو شارستانیەتیو کامەرانیو خوشیە .

دەسا با هەموان تێبکوشین بۆ وەدی هێنانی شوین یاریەکی داخراو یان چەند شوین یاریەك لە ناووچەکەدا تا لە هاوینو زستاندا سودمەندبین وە هەموو دواکەوتنێك ئەخینە سەر ماموستای مەشقو سەرپەرشتی وەرزش ، زۆرکەس هەن ئۆبالی دواکەوتنی لاوانو وەرزشیان دەکەوتە ئەستۆ . ئەگەر هاتو ئەو هەموو کارنگی وەرزشبو پێویستی وەرزشیت ئامادەکرد، ئەوساکەش داوای سەرکەوتنو پالەوانی بکە . هەروا زوو نابیت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەمە رۆژی لە رۆژان خاوەنی تیبی پێش کەوتو بوین بەلام ئەم پێش کەوتنە بەراستی پالەوانی بو چونکە لە شوینیکدا یاری دەکرا نە شوێن یاریەکە چیمەنبو نە شوێن یاری داخراویش هەبو نە شوێن راکردنی تاتران هەبوو نە سکور بۆرد هەبو نە تۆری پشت داری ول هەبو . بەلام سەرکەوتنیش هەبو هەزار سلاو بۆ ئەو کەسانەی ئەمامی وەرزش ئەنێرن . هەزار سلاو بۆ ئەوانەی لە هیچە تیبی سەرکەکەوتوو پێک دەهێنن . هیوادام بەم نزیکانە پایەی شوین یاری داخراو تا ناووچە کەدا ببینم تا ئەو کەموکوریەش کە هەیە نیتر نەهێنێ .

هاوکاری

گۆڕانی وەرزشی یەکگرتوو

پاشماوەی : راپۆرتی سیاسی

کە : باهوزی پشکەوتنو شۆرشی پەنگ خواردوی نێو دلی میللەتە کەمان سەر لە نوێ بە تەوژم هەڵئەکاتەوەو پلانی پیلانگیرەکانو سوتندخۆرەکانیان را ئەماڵێ .. هەر وەکو چۆن لە مێژوی هاوچەرخماندا ئەو باهوزە هەڵی کردو گشت ئەو رژێمە ئا پاکو پیلانگیرانەی رامالی ..

پاشماوەی : دەنگی

ئەمەوێ ـ بەپەلە ـ بڵێم و بڵێم : ئەرێ ئەبێ ئێمە لەم چاخی تەکنەلۆژیا ، تاکەی فایرۆسەکانی ئۆچولانەوەی رۆشنبیری و ـ هەروا کۆمەلایەتی ـ ئەدۆزینەوەو ئەمعەقلو سۆزو هۆشەمان لە (بربەنگ)ئەدەبنو بروژەکۆرەکانی زانست ، روبەروی جیهانی بەربلاوی ئەدەبو ووشەی خەواوی کوردی ئەکەینەوە .؟ کەی بەخششەکانی زانست ئەگاتە ئێو (شیعر) و (شانۆ)و (چیرۆك)و (رۆمان) مانەوە ..؟ کەی بە تەرمۆمەتری زانست ئەرمای ووشەکانی ئێو (فەرهەنگی زمان)و ژیانی کۆمەلایەتیمان ئەپێوین ..؟ لەکاتێکا رادیۆمەتری زانست کەوتۆتە شوێن پێی چەکچەکیلەکانو سەری لە قرژاڵی نێو دەریاش سوراندوەو راوەدوی کۆچاوکۆچکردنی ماسی نێو ئۆقیانوسەکانیش ئەنێ ..!

پاشماوەی : هێلی ستراتیژی

لە کوێو ئەو تاقمانەی دەستیان لەو کارانەدا بۆ ئەوەی گیروگرفت بۆ عیراق دروستکەنو بە شەڕی لاوەکیەوە خەریکی کەن .. ئەم وێنەیە بەو هەلویستە پڕ لەسەر شۆڕیە تەواو بو کە رژێمی ئەلقە لە کوێ و گومڕای دیمەشق نواندنی .. کاسەلیسەکانی حافز ئەسەد لەسەر یەك سێ جار دەستیان لە عیراق وەشاند .. لە یەکەم جار ئەو دۆخە ناخۆشەی عیراقی بە هەل زانی کە بە هۆی کێشەی میللی کردنی نەوت و ناردنیە بازارەوە دوچاری بو بو ، کەوتە سەپاندنی کەلێ مەرجی بێویژدانانە ، عیراق بە ناچاری قبولی کردن .. بەلام دوعەم دەست وەشاندنی ، ئەوە بو ئاوی روباری فوراتی لە ملیونەها جوتیاریری کە لە رۆخو دەوروبەری ئاوی ئەو روبارە ئەژین ..

بەلام سێهەم دەست وەشاندنی کە لە هەموی خراپتر ئەوەیە کە حافز ئەسد سوریای سوریای لە بەرزاییەکانی جولان کێشایەوەو ناردیە سەر سنوری عیراقو بەو جۆرە ئەو حورانو جۆلانەی خوێنی هەزاران شەهیدی لەسەر رژابون ،وەك تالانیەك ئەسلیمی زایونیزمە دوژمنەکانی کرد ..

بەلام لەگەل ئەم هەمو کۆسپو تەگەرانەی دوژمنانی میللی عەرەبمان دروستی ئەکەن، حکومەتی شۆرش بەردەوامەو تا دوا قۆناغ هەر سەرکردایەتی ئەکات .. فوتری عیراق هەمو شتن لە پیناوی شەڕی رزگاریدا بەخت ئەکات .. لەبەر ئەوە بو سەرکردایەتی حیزب دەست پێشکەری ئەوەی کرد ، لە بانگەوازی ڕێکهێنانی بەردی جەنگاوری ژورودا ، بۆ سەماندنەودی خاکی زەوت کراوی عەرەب ، لەبەر ئەمەش بو هێلی ستراتیژی خرایەکار بۆ پان پشتێکی بەردەوامی هەلویستە کانی عیراق وەك قەلایەکی بەتینو قایمی تێکوشانو وەك بنکەیەکی پتەوبی شەڕی رزگاری ..

پاشماوەی : بیرورا

تاکە کەسیو پشەبرکێی دوژمنانەن لە نێوان کۆمەلانی خەلکدا بۆ هیشتنە وەیان لە ناو کۆتی ئەسارەتو کەسایەتیو چەوساندنەوەو بەندەیدا .

ـ محمد البدری ـ

پاشماوەی : چەند سەرنجێکی

چەند کەسو تاقمێك بێو بەس .. کەچی خەلکی تر خۆتی هەلقورتینەو ئەبن لەرەگەو ماکەوە هەلستەکێندرێن .. ئینجا دەمە قرەو قسەو قسەلۆکەکە تا دێ پەرەئەسێنن ، جا یا ئەو خۆتی هەلقورتینەرە ئەکشێتە دواوە ، یا بەرگە ئەگرێ و رو بەرو یان ئەبێتەوەو کەمەرەیەکی توند بۆ گشت جۆرە کۆستو کۆسپو شملی شەرێك ئەبەستن کە سەرە رێگایان بە دەستی ئەنقەست بۆی تەنراوەتەوە .

سەرەتای چەوت ئەنجامی چەوتی لە دوایە ئەمە عادەلە مەنتیقی‌یەیە کە لە دۆخی ئێستای وڵاتی لوبنان‌دا ڕواندوە ئەمەش موعادەلەیەکە کە سروشتی ئەمانی بێوەندی‌دار بەووەزعە ترسناکەوە دیاری کردوە ئیستاش سینیەری قورسی خۆی بەسەر جەماوەری ئەو هێزە خەباتکەرەکانی‌داسەپاندوە کە دەستیان خستۆتە سەستی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینەوە .

ئەوموعادەلەیە دەرخەری ئەوکۆنفرانس و کۆبونەوەو یکەوتنانە بو کە ڕژیمەکانی لایەنگری سازدانی خۆبەدەوە دەرانە ڕنکیسان‌خستن .. هەسەلەی کێشەی ان بەبێوازەیەک باسی‌لێ‌کرا کە جەوهەری کێشەکەی ئرتەوەو تەنانەت لێشی‌نزیك نەکەوتەوە بەشی ندە ئەبێ کە دەرەتانی‌ڕۆیشتن بە ڕنبازی سازدان‌دا ەورژیمانە پێك بێنن ،دیارە دۆخی لوبنانیش یەکێك وەکانی ڕنبازی سازدانەکەبو . لە کۆنفرانسی دوایی ۆکانی عەرەبیش‌دا کە لەقاهیرە بەسترا وڵاتەکەمان ەی بۆ ئەوەمەسەلە درێژکرد ، ئەوکاتەی کە بۆ لینەوەی تەنگ‌و چەتەمەی‌لوبنان کۆ بیوتەوە بەلام چەند ڕنکی سازکراوو ئامادەیان‌لەبەر دەم دانرا کە پێش درۆژ لە کۆنفرانسێکی پچوك‌دا لە ریاض ئامادەوئیمزا بون ، ئەوە بو کە لەدوایی‌دابەبێ ئیمزای عیراق بەلاو ئەوە .

لەبنەمان دەست کرا بە چێ‌بەچێ کردنی ئەوبڕیارانەو نان کەوتە دۆخێکی ئالۆزتر‌ەوە لەژێر سێبەری ی عەسکەری سوریاداوچەماوەری لوبنان بەرەوروی ماری کۆشەگیرو تایەفەکەرەکان بونەوە کە لە ی عەسکەری‌و مەعنەویەوە لەلایەن ڕیژیمی وەرگەڕاوی ڕیاوە پشتیان دەگیراو لەباری مادی‌و سیاسیشەوە پشتیوانی ڕژیمە کۆنەپەرست‌و بەگرنگیراوەکان ت ئەستور بون .

چێ‌بەچێ کردنی بڕیارەکان‌ئەسەر ئەوە ساغ بۆوە کە ەی هێزەکانی ڕیژیمی‌وەرگەڕاو لە لوبنان‌دا زیاد ڕی‌و لەژێر ناوی (هێزی‌دامرکێنەر)دا بارێکی (شەرعی) بە یونی ئەوهێزانە لەلوبنان‌دا بدرێ . ئەنجامی ەش زنجیرەیەك زەبەروزەنگ‌و لە ناوبردنی کۆشەران‌و کوشتاری بەکۆمەل بو کە کاربەدەستانی سق لە زوربەی شارەکانی‌لوبنان‌دا ڕنگیان خست‌و ڕشتێکی زەبروزەنگیان‌دروست کرد کە پێشتر لە بنان‌دا وێنەی نەبینرابو . هێزەکۆشەگیرەکانی هاوبەیمان ەل ڕژیمی خائینی‌سوریادا ئەنجامی ئەو شەڕە بەلەیان بردەوە کە دژی‌جەماوەری لوبنان‌و هێزە ستمانیەکانی‌و دژی‌بزوتنەوەی بەرگری بەرپایان دبو کە هێندێك لە سەرکردەکانی بۆ هێندێك ستکەوتی سیاسی بەتەواوی‌چونە باوەشی یاخیەکانی شقەوە چونکە لەکەل ئامرازی‌بیروباوەڕی سازدانی خۆبە ستەوە دەرانەو لەکەل‌ڕژیمە ئامراوەکانی لایەنگری ازدان دەکەوت .

جا ئێستا کە ڕوی دژی‌دیمەنەکە بەتەواوی دەرکەوتوە، خوا ئەو کەسانە چ بان کە بە نیازێکی پاکەوە پشداری وباس‌و لێکۆڵینەوە بون‌کە لێرەو لەوێ لەبارەی تەنگ‌و ەلەمەی لوبنان‌ڕا تەراون ؟ئێستا بەتەواوی دەرکەوتوە ە ئەوباس‌و پشنیارەی لە کۆنفرانسەکانی ریاض‌و هیرەدا هاتون، ئەوە ئەوواز چۆوەی دلسۆزی بۆ قازانجی بنان‌و ئەل‌و حەکەی:انەبون ، ئەو ڕژیمانەی بە ەلەداوان داوایان کرد کە هەبون بدرێ کۆتایی بە شەڕی بنان بهێنرێ ئەو ئامانجانەو دەست پشخەریەیان کرد ە هەستیان کرد ئەو دەست لە لوبنان‌دا بە پێچەو انە قازانجی ئەوکات، بەوەیان لە بزاوز ڕیژیمی سوریا لاسەدات بوەوبۆ باسی دەوئەستە کە کرد ە دیتیان مەترسی‌یەك ڕوی کردۆتە ڕیژیمی دەمشق بەهۆی ەنەستۆکرتنی جێ‌بەجێ کردنی پیلان دژی‌بزوتنەوەی نیشتمانی بنان‌و بەرگری فەلەستینەوە. بۆیە وتووێژ دەربارەی دۆخی بنان لەم کۆنفرانسەدا بەرەو ئەوە ڕویشت لە بەپەلە وەزعەکە بە قازانجی ڕژیمی سوریاو هێزە ئۆشەگیرەکان‌و بەرتیازی هێشتنەوەی ئوەندی دۆخی لوبنان لەئەنسات‌و سەودای ناوچەکەدا ەك لابکرێ . بەلام ئەم هەزانەهەمویان بەمەریەکەوە تاج ادەیەك دەتوانن ئەم ڕنبازە ناسەر بیرن ؟! ئایا ئەوانەی سەر حیسابی مەسەلە چارەنوسیەکان سات‌و سەودا ەکەن ئاکەنگێ دەتوانن‌ڕوبەڕوی ویستی جەماوەر ۆ ڕزگاری‌و پێشکەوتن بوەستن ؟!

هەمو خەباتکەرانی گەلەکەمان مانای وەلامی ئەم سیارانە دەزانن‌و هەمودەستەوکۆمەلە شۆڕشگێڕەکانی جەماوەر هەست بە کرنکیەکەی‌دەکەن . ئەوانەی بەوشێوە ارەوایەی لە دوسالی ڕابردودالە لوبنان دیتمان شەڕ بۆ جەماوەر دەجنێن ، ئاشکرە بەولاوە هیچ شتێك تادرونەوەو ەو کەسانەی شورەیی نەخشەوپیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و ئۆنەپەرستی‌و زایۆنیزمیان بۆخۆیان هەڵگرتوە ، خۆیان ئاشتر دەزانن چ جارەنوسێك جاوەڕێیانە ؟

ئەوانەی بە هانەهان‌بەرەو کۆنفرانسی ڕنێنف دەچن ۆ وتووێژ لەکەل زایۆنی‌دوژمن ناتوانن لە هەمو ئگایەك هەمووەزعەکە بە بروانە : «(٨)»

دەقی بەیاننامەی هاوکۆبیە کەی عیراق و ژاپۆن

ئەمەش دەقی بەیاننامەی ناوکۆبی عیراق‌و ژاپۆنە کە لەکۆتایی سەردانەکەی طەحەی‌الدین معروف جێگری سەرۆك کۆماردا بو ژاپۆن دەرچوو ، دوای ئەوەی سەردانەکە بێنج ڕۆژی خایاند .

بەڕێز طەحەی‌الدین معروف جێگری سەرۆك کۆماری عیراق لە ١٩ وە بۆ ٢٤ کانوونی دووەمی ١٩٧٧ سەری لە ژاپۆن‌داو میوانی حکومەتی ژاپۆن بوو .

وە لە ٢٠ی کانوونی دووەمدا بەڕێز جێگری سەرۆك کۆماری عیراق لەلایەن خاوەن شکوی ئیمپراتۆرەوە لە کۆشکی ئیمپراتۆری بە گەرمی پێشوازی لێکرا . دوای ئەوە ئیمپراتۆر لەسەر ڕێزی ئەو خوانی‌نان خواردنی بۆ ڕۆژی ساز کرد .

وە بەڕێز طەحەی‌الدین معروف جێگری سەرۆك کۆماری لە ٢٠ی کانوونی دووەمدا و لە کۆڕێکی دۆستایەتی‌و لەیەك گەیشتن‌دا لە گەڵ تاکیو فۆکۆداوی سەرەك وەزیران گفتوگوی کردو بیروڕایان سەبارەت بەو کارو بارانە بەرچاو خست کە هەردوو لا بایەخیان پێ‌ئەدەن کە پەیوەندی دوو قوتی‌و کاروبارەکانی ئەمڕۆی جیهانی گرتەوە .

لە گفتوگوکاندا لەلایەنی عیراق دوکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو حکمەت ابراهیم وەزیری دەولەت‌و دوکتور فەخری قدوری پارێزەری بانقی مەرکەزی عیراق‌و عبدالملك الیاسین جێگری وەزارەتی دەرەوە لە لایەنی ژاپۆنیش ئیشیروا هاتومایا وەزیری دەرەوەو سوناو تۆکۆدا وەزیری دەولەت لەئەنجومەنی وەزیران ئامادە بوون .

جێگری سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانی ژاپۆنی بەیەوندیە دوو قۆناغەکانیان بەرچاو خست بە هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتەوەو بە خۆشحالیەوە سەیری ئەو پێشکەوتنەیان کرد کە لەم ڕووەوە لەسەر ڕێگای بەسوود بەرەو بەرەپێدانی پەیوەندیەکان چوە ، دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنی هاوکاری ئابوری‌و تەکنیکی نێوان حکومەتی کۆماری عیراق‌و حکومەتی ژاپۆن لە ساڵی ١٩٧٤دا و ئارەزوشیان دەربڕی بۆ فراوان‌کردنی لایەنەکانی هاوکاری لە هەموو ڕوویەکەوە بەو چۆرەی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵات فراوان ئەکا ئەبێناوی زامن‌کردنی پتەو بوونی زیاتری پەیوەندی‌یەکانی هەردوو لا بەتایبەتی لەمەیدانی ئابووری و زانستی‌و تەکنیکی‌و تەکنەلوجیاو ڕۆشنبیری‌دا .

وە هەردوو لا پەیوەندی‌یەکانی نێوان عیراق‌و ژاپۆنیان بەرچاو خست ، بەپەیوەندی کۆڕینەوەی ڕۆشنبیری‌و کارگێڕانەوە ، بە خۆشحالیەوە هەستیان کرد کە پەیوەندی دۆستایەتی‌و هاوکاری نێوان هەردوو لا لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی هاندەرانە بەرەو کەشەپێدان ئەچێ .

بەڕێز جێگری سەرۆك کۆمار هیوا خوازی کۆڕینەوەی زیاتری کارگێڕان‌و ڕۆشنبیری نێوان هەردوو وڵات بوو . وە ڕۆشنبیری لەنێوان هەردوو لا دابەستری‌و لایەنی ژاپۆن بەڵێنی دا کە بە پەرۆشەوە سەرنجی ئەم مەسەلەیە بدات ، بەڕێز طەحەی‌الدین معروف جێگری سەرۆك کۆمار ڕێزی لەو دەورە ناکە ژاپۆن ئەیگێرێ لەبێناوی ئەهونی‌و کەشەپێدان لە ئاسیاو دووپاتی کردەوە کە عیراقی خاوەن کەلەپوری شارستانی ناوکۆبی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیا بایەخێکی فراوان بە ئەهونی‌و پێشکەوتنی ئاسیا ئەدات .

هەردوو لاش لەسەر ئەوە ڕێك‌بوون کە پاراستنی ئاشتی‌و ئەهونی لە ئۆقیانووسی هیندی‌و بەربڵاوی ئەم ناوچەیە ئەهمیەتی تایبەتی هەیە ، بەڕێزان جێگری سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن بیروڕایان سەبارەت بەباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕیەوە .

هەردوو لاش هەست بە ئەهمیەتی ئەوە ئەکەن‌کە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی بەئاشتی دنیاوە هەیەو هەردوو لا هیوایان دەربڕی بە بەدی‌هێنانی ئاشتی عادیلانەو هەمیشە زوترین کات لە ناوچەکەدا .

لایەنی عیراق ڕوونی کردەوە کە ئاشتی بەو جۆرە نایەتە دی بە بێ کشانەوەی بێ‌مەرجی هێزەکانی زایۆنیزم لە زەوی‌و ژاری زەوت‌کراوی عەرەب ، وە ڕەفزی عیراقی ساغ‌کردەوە بەرامبەر هەرئەخشەیەك جەوهەری مەسەلەکە لەبەر بکات کە مافی گەلی عەرەبی فەلەستینە لە سەندنەوەی نیشتمانەکەیا .

لایەنی ژاپۆنیش سەر لەنوی هەڵویستی حکومەتی ژاپۆنی ڕوون کردەوە کە بریتی‌یە بێویستی جێ‌بەجێ کردنی بڕیارەکەی‌ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە «٢٤٢» بەختیرایی‌و تەواوی‌و لەسەر بنەڕەتی ڕزگرتنی مافی ئەتەوەیی گەلی فەلەستین بەپێی پەیمانی ئەتەوەیەگگرتووەکان .

دیسان هەردوو لا بیروڕایان بەرچاوخست سەبارەت بەباری وزەو پەیوەندیە یازگانیەکانی نێوان هەردوو وڵات‌و لەسەر پێویستی پتەوکردنی لەیەك گەیشتن‌و هاوکاری سەبارەت بەم جۆرە کاروبارانە ڕێکەوتن بەوەوە کە بارێکی سەقام‌گیری ناردنی وزە زامن بکرێ .

هەردووڵاش سەرنجیان دا ، کە هەردوو وڵات بازرگانیان بەشێوەیەکی چاك بەرێوە ئەچێ‌و بیروڕاشیان سەبارەت بە پتەوکردنی پەیوەندی‌یە بازرگانیەکان بەرچاوخست .

هەردووڵا گۆڕانی دۆخی ئابوری نێو وڵاتانیان‌ە نیشان داوەو بەوە دڵنیان کە چێ‌بەچێ‌کردنی ئەو بیروباوەڕانەی هەردو لایان پشتگیریی لێ‌ئەکەن‌و لە دیکومنتە هەمەجۆرەکانی وڵاتاندا باس کراوە بەتایبەتی لە بڕیارەکانی دەورە تایبەتیکەی پێشوی سەر بەکۆمەڵی گشتی‌ی نەتەوەیەکگرتۆکان . بەشدار‌یەکی تەواو لە پەرە سەندنی هاوکاری ئابوریی نیو وڵاتاندا ئەکات‌و کۆسپ‌و تەگەرەی بازرگانی ناهێڵێت‌و تەختیان ئەکات ، ئەویش بۆ چاکەی هەموو گەلان‌و وڵاتەکانی دنیا .

وە ئەوە دوپاتەکراوەتەوە کەدی‌گەیشتن‌و ڕێکەوتنی نێوان وڵاتانی تازە گەشەکردو پێشکەوتۆکان زۆر گرنگە بەتیسیك پەیوەندیکی ئابوری ئەو تۆوە کە پشت بە یەکسانی‌و عەدالەت بیەستێ .

بە بۆنەی سەردانی جێگری سەرەك کۆمار بۆ ژاپۆن .. لە ٢٠ی مانگی کانونی دووەمدا بەپێی دەسەلاتی ڕیکەوتنی هاوکاری‌و ئابوری‌و تەکنیکی نیوان حکومەتی کۆماری عیراق‌و حکومەتی ژاپۆن .. لە وەزارەتی دەرەوە لیژنە هاوبەشەکە بەڕێز دکتور سعدون حمادی‌و بەڕێز حکمت ابراهیم لە دوو کۆبونەوەی جیاوازدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا بەڕێز هاتو یامااو وەزیری بازرگانی‌و پیشەسازیی دەوڵەتان بەڕێز تاناکا گفتوگویان کردوە . وە بەشێوە یەکی تێرو پڕ ترو چاك تر بیروڕایان دەربارەی ئەو هەسەلانە ئالۆگۆڕ کردوە کە ژاپۆن لە نەخشەی پێنج ساڵی تازەدا لە جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکاندا هاوکاری لەگەڵ بکات ..

لایەنی ژاپۆن ئەوەی دەربڕیوە کە هیوایان زۆرە بەوەی ئەو هاوکاریی‌یەی کە ئەی‌کات بەشداریەکی چاك بکات لە پەرەپێدانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی لە کۆماری عیراق‌دا .

دوای یەکەم کۆبونەوەی لیژنە هاوبەشەکە بەڕێز دکتور سعدون حمادی‌و بەڕێز حکمت ابراهیم لە دوو کۆبونەوەی جیاوازدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا بەڕێز هاتو یامااو وەزیری بازرگانی‌و پیشەسازیی دەوڵەتان بەڕێز تاناکا گفتوگویان کردوە . وە بەشێوە یەکی تێرو پڕ ترو چاك تر بیروڕایان دەربارەی ئەو هەسەلانە ئالۆگۆڕ کردوە کە ژاپۆن لە نەخشەی پێنج ساڵی تازەدا لە جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکاندا هاوکاری لەگەڵ بکات ..

لایەنی ژاپۆن ئەوەی دەربڕیوە کە هیوایان زۆرە بەوەی ئەو هاوکاری‌یەی کە ئەی‌کات بەشداریەکی چاك بکات لە پەرەپێدانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی لە کۆماری عیراق‌دا .

وە بەسەرۆکایەتی دکتۆر سعدون حمادی وزیری دەرەوە وبەڕێز حکمت ابراهیم وزیری دەولەت‌و دکتۆر فخری قدوری پارێزگاری بانقی مەرکەزی .. وە لە کۆبونەوەکەدا لەهەردولا هەندێك لەو لێ‌پرسراوانە بەشدار بون کە پەیوەندیان بەو مەسەلەیەوە هەیە ..

لە یەکەم کۆبونەوەی لیژنە هاوبەشەکەدا باسی چۆنیەتی بەرەسەندنی هاوکاری ئابوری‌و تەکنیکی نیوان هەردو وڵات کراوە ..

هەردولا خۆشحالی خۆیان بەورادەی پێشکەوتنە نیشان داوە کە لەو مەیەانەدا هەتاکو ئێستا هاتۆتە دی ، واتە یاداشت گۆڕینەوە لە نێوان حکومەتی هەردوو وڵات‌دا بەنیسبەت پێشکەشی‌کردنی بارمتەی (اعتمادات) گەورە گەورە ، سەرەڕای قەرزو ئەو بارمتانەی لەمەو پێش لەساڵی ١٩٧٤دا لەسەری ڕێککەوتبون وە لەسەر ئەوە ڕێکەوتون کە هاوکاری ئابوریان بەرەو پێش بەرن ئەویش لەڕێگای پرۆژەی پیشەسازی‌یەوە وەك پرۆژەی کودی کیمیاوی کە ئێستا لە بنیات ناندایە وپرۆژەی‌کارەبای گەرمایی لە هارثە کە ئێستا لە سەر ئەو ڕیکەوتون کە لێ‌ی‌بکۆڵنەوە هەر وەها بەهۆی جێ‌بەجێ‌کردنی پرۆژەی پەرەپیدانی ترەوە کە لەمەوبەر لەسەری ڕیکەوتون ..

لایەنی عیراق ئاسۆکانی جێ‌بەجێ کردنی پەرەپیدان‌و دامەزراندنی پیشەسازی لەعیراقدا ئاشکرا کردۆتەوە بەتایبەتی نەخشەی پەرەپیدانی پێنج ساڵەی تازە .

هەر وەها لایەنی ژاپۆن دۆخی ئابوری ژاپۆنی‌شی کردۆتەوە وە لایەنی عیراق ئارەزوی خۆی دەربڕیوە کە سەبارەت بەوەی کە حەزئەکات ژاپۆن لە نەخشەی پێنج ساڵی تازەدا لە جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکاندا هاوکاری لەگەڵ بکات ..

وە بەسەرۆکایەتی دکتۆر سعدون حمادی وزیری دەرەوە وبەڕێز حکمت ابراهیم وزیری دەولەت‌و دکتۆر فخری قدوری پارێزگاری بانقی مەرکەزی .. وە لە کۆبونەوەکەدا لەهەردولا هەندێك لەو لێ‌پرسراوانە بەشدار بون کە پەیوەندیان بەو مەسەلەیەوە هەیە ..

لە یەکەم کۆبونەوەی لیژنە هاوبەشەکەدا باسی چۆنیەتی بەرەسەندنی هاوکاری ئابوری‌و تەکنیکی نیوان هەردو وڵات کراوە ..

هەردولا خۆشحالی خۆیان بەورادەی پێشکەوتنە نیشان داوە کە لەو مەیەانەدا هەتاکو ئێستا هاتۆتە دی ، واتە یاداشت گۆڕینەوە لە نێوان حکومەتی هەردوو وڵات‌دا بەنیسبەت پێشکەشی‌کردنی بارمتەی (اعتمادات) گەورە گەورە ، سەرەڕای قەرزو ئەو بارمتانەی لەمەو پێش لەساڵی ١٩٧٤دا لەسەری ڕێککەوتبون وە لەسەر ئەوە ڕێکەوتون کە هاوکاری ئابوریان بەرەو پێش بەرن ئەویش لەڕێگای پرۆژەی پیشەسازی‌یەوە وەك پرۆژەی کودی کیمیاوی کە ئێستا لە بنیات ناندایە وپرۆژەی‌کارەبای گەرمایی لە هارثە کە ئێستا لە سەر ئەو ڕیکەوتون کە لێ‌ی‌بکۆڵنەوە هەر وەها بەهۆی جێ‌بەجێ‌کردنی پرۆژەی پەرەپیدانی ترەوە کە لەمەوبەر لەسەری ڕیکەوتون ..

لایەنی عیراق ئاسۆکانی جێ‌بەجێ کردنی پەرەپیدان‌و دامەزراندنی پیشەسازی لەعیراقدا ئاشکرا کردۆتەوە بەتایبەتی نەخشەی پەرەپیدانی پێنج ساڵەی تازە .

هەر وەها لایەنی ژاپۆن دۆخی ئابوری ژاپۆنی‌شی کردۆتەوە وە لایەنی عیراق ئارەزوی خۆی دەربڕیوە کە سەبارەت بەوەی کە حەزئەکات ژاپۆن لە نەخشەی پێنج ساڵی تازەدا لە جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکاندا هاوکاری لەگەڵ بکات ..

لایەنی ژاپۆن ئەوەی دەربڕیوە کە هیوایان زۆرە بەوەی ئەو هاوکاری‌یەی کە ئەی‌کات بەشداریەکی چاك بکات لە پەرەپیدانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی لە کۆماری عیراق‌دا .

دوای یەکەم کۆبونەوەی لیژنە هاوبەشەکەدا بەڕێز دکتور سعدون حمادی‌و بەڕێز حکمت ابراهیم لە دوو کۆبونەوەی جیاوازدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا بەڕێز هاتو یامااو وەزیری بازرگانی‌و پیشەسازیی دەوڵەتان بەڕێز تاناکا گفتوگویان کردوە . وە بەشێوە یەکی تێرو پڕ ترو چاك تر بیروڕایان دەربارەی ئەو هەسەلانە ئالۆگۆڕ کردوە کە ژاپۆن لە نەخشەی پێنج ساڵی تازەدا لە جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکاندا هاوکاری لەگەڵ بکات ..

لایەنی ژاپۆن ئەوەی دەربڕیوە کە هیوایان زۆرە بەوەی ئەو هاوکاری‌یەی کە ئەی‌کات بەشداریەکی چاك بکات لە پەرەپیدانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی لە کۆماری عیراق‌دا .

دوای یەکەم کۆبونەوەی لیژنە هاوبەشەکەدا بەڕێز دکتور سعدون حمادی‌و بەڕێز حکمت ابراهیم لە دوو کۆبونەوەی جیاوازدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا بەڕێز هاتو یامااو وەزیری بازرگانی‌و پیشەسازیی دەوڵەتان بەڕێز تاناکا گفتوگویان کردوە . وە بەشێوە یەکی تێرو پڕ ترو چاك تر بیروڕایان دەربارەی ئەو هەسەلانە ئالۆگۆڕ کردوە کە ژاپۆن لە نەخشەی پێنج ساڵی تازەدا لە جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکاندا هاوکاری لەگەڵ بکات ..

لایەنی ژاپۆن ئەوەی دەربڕیوە کە هیوایان زۆرە بەوەی ئەو هاوکاری‌یەی کە ئەی‌کات بەشداریەکی چاك بکات لە پەرەپیدانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی لە کۆماری عیراق‌دا .

جێگای سەرنجی هەردولان .

بەڕێز طە محی‌الدین معروف جێگری سەرەك کۆماری عیراق سوپاسێکی گەرمی سەرەك وەزیرانی تاکیو فوکوداو حکومەت‌و گەلی ژاپۆنی کردوە بۆ ئەو میواندارییە گەرەم‌و خزمەتە بێ‌وێنەیەی بۆ ئەو ووەفدە عیراقیەکەی تەکیان کردوە لەو ڕۆژانەدا کە میوانی ژاپۆن بوون ..

جێگری سەرەك کۆمار بەڕێز طە محی‌الدین معروف بانگیشتنێکی ڕەسمی سەرەك وەزیرانی ژاپۆن بەڕێز فوکودای کردوە بۆ عیراق ، سەرەك وەزیران بەسوپاسەوە بانگشتنەکەی قبول کردوە ..

ئەو سەردانەی بەڕێز جێگری سەرەك کۆماری عیراق لە ژاپۆنی داوە بۆ تەمایەی پێشکەوتن‌و پەرەسەندنی پایوەندی دۆستایەتی لەنیوان کۆماری عیراق‌و ژاپۆن‌دا ..

ئەندروستی جیهان وخستنەکاری سامانی بۆچاکەی وڵاتە تازە گەشەکردوەکان

ئەنجوومەنی تەنفیزی سەربە ڕنکخراوی تەندروستی جیهان بەو پرۆژەیە فایل بوەکە ٣٦٣ فەرمانبەر لە ماوەی چوار ساڵی داهاتودا بەتاڵکرن پارەی موچەکانی ئەوانە بکرێتەخزمەت ئوزاری‌و بدرێتەوڵاتە تازە گەشە کردۆکان .

بەیاننامەیەکی ڕنکخراوەکە دەڵێت ..پرۆژەی ئەو بڕیارەی بەهاری داهاتو لە کۆبونەوەی‌ساڵانەیدا پێشکەش ئەنجومەن ئەکرێت ، ئەوە دیاری ئەکات‌کە ئەندامانی کەم ئەکرێتەوەو لە پلەکانیان لا ئەبرێن بەم‌کارە ڕنکخراوەکە ٩ر١٣ ملیۆن دۆلار پاشەکەوت ئەکات ئەم پارەیە لە هاوکاری تەکنیکیدا ئەخرێتە کار .

ڕنکخراوەکە ئێستا پێنج‌هەزار ئەندامی هەیە ، سێ‌یەکی ئەوانە لە جێگەی لە بارەگاکانی‌ڕنکخراودا کار ئەکەن .

لەم جۆرە کارەی لە زوربەی‌ڕنکخراوە جیهانیکاندا ئەکرێت بەوەی کە ئەندامەکانیان کەم‌بکەنەوە ، پەیوەندی بەو دەورە تێکدەرەوە هەیە کەوڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمەریکا ئەی بینێ لە ڕێگای خۆسەپاندن‌بەسەریاندا بە هۆی توانای سیاسی‌یەوەی یا پارەدانی‌بەو ڕنکخراوانە .. بەو جۆرە لە هیچ هەوڵو تەقەلایەك‌درێغی ناکات ، تاوەکو ئەو ڕنکخراوانە لە پرۆگرامەکانی‌لادات : بە تایبەتی دوای ئەوەی وڵاتانی دنیای سێهەمقورسایەکی دیارو ئاشکرای پەیدا کردوە لە سەرەڕێچی‌کردنی خواستو ئارەزوی ئەمەریکا ..

کاروباری جیهان

● بیروڕای گشتی خەڵکی ئەفریقا بەتایبەتی‌و گەلانی جیهان بەگشتی دەنگوباسی پەلاماری بێگانەی بۆ سەر کۆماری بینین بە نارەحەتیەوە وەرگرت . هەرچەند لەپاش سەرکوت‌کردنی پەلامارەکە ئیستا دۆخی کوتونو پایتەختی کۆماری بینین ئارامە ، بەلام ئەوپیلانە کە شێوەی دەستدرێژی چەکدارانەی هەبو ڕەفتاری تازەی لایەنە ئیمپریالیستیەکانی ڕون‌کردەوە کە بریتیە لە شێوەی دەستدرێژی چەکدارانە ، لەگەڵ هێندێك‌جموجۆڵی‌کۆنەپەرستی ناوخۆ . وا دیارە ئەم دەستدرێژیە سەرنەکەوتوە دوادەستدرێژی نابێ ، بەڵکە بەپێچەوانە سەرەتایە بۆ ڕێزەکردەوەیەکی دوامانەی لەوچەشنە. رادیۆی پایتەختی گینیا خەڵکی وشیار کردەوە کە وێ دەچێ دەستدرێژیەکی لەوبابەتە بکرێتە سەر گینیاو گوتی هێندێك بەڵگە کە گەیشتونە کۆناکری وا دەگەیەنن کە عەسکەریە زایۆنیەکان مەشق بەو یاخی‌بوانەی گینیا دەکەن کە لە دەرەوەی سنوری وڵات‌دا دەژین .

هەرچەند چاوەدێری کەران وا چاوەروان دەکەن کە ئیمپریالیستەکان ئەو هەوڵو تەقەلایە لە هێندێك مەلبەندی تری جیهانیش بەتایبەتی لە ئەفریقاو ئاسیادا دوبارە بکەنەوە ، بەلام هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەو هەوڵو تەقەلاو نەخشە پیلانگێڕیانەی ئیمپریالیزم هەر توشی تێشکان دەبن چونکە دژی خواستی گەلان‌و دژی بزوتنەوەی بەرەوپێشچوی میژو ڕێك دەخرێن .

● دامودەزگا سیاسیە فەرمانڕەواکانی واشنتۆن جارێکی تریش دوژمنایەتی خۆیان بۆ ناواتی گەلان لە ناشتی‌و چەکداماتین‌دا ئاشکرا دەکەن . فۆرد سەرکۆماری ئەمریکا بودجەی ساڵی١٩٧٨ی دا بە ئەنجومەنی پیران کە زێدەییەکی زۆری لەباری عەسکەریەوە تیدا بەرچاو دەکەوێ‌و بودجەی عەسکەری لە سەدمیلیارد دۆلارەوە گەیشۆتە ٣ر١١٢ میلیارد دۆلار .

فۆرد ئەو خەرجە عەسکەریە زیادەیەی بەوە پینە کرد کە گوایا ((پێویستە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ئێستاوە ئەودەزگا دیفاعی‌یانە ئامادە بکا کە پاش دەسالی‌تر پێویستی پێیان دەبێ)) .

بەڵام ڕون‌و ئاشکرایە کە ئەم بینەو پەرویانە خۆ لەبەر ئەم ڕاستەقینانەدا ڕاناگرن کە باڵ بە دەزگای فەرمانڕەوایی واشنتۆنەوە دەنێن بۆ ئەوەی لەلایەك بەشوێن قازانجی زیاتردا بگەڕێ‌و لەلایەکی‌تریش دۆخی جیهانی ئالۆز بکاو پێشەڕێکەی خۆچەکدار کردن هان بدا . بێ‌گومان هەڵوێستی نوێنەرانی بورژوازی ئەمریکا بۆ خەڵکی جیهان شتێکی تازەو لەناکاو نیە چونکە ئەوان هەر بۆ خزمەتی قازانجی مونوپولە ئەمریکاییەکان دروست بون .

●●

● بەپێچەوانەی هەوڵو تەقەلاکانی ئەمریکاوە بەشدارانی سیمینداری هێزە ناشتیخوازەکان لە مۆسکۆ پەنجەیان بۆ ئەوە درێژ کرد کە مرۆڤایەتی بێجگە لە کرانەوەی ناودەوڵەتان (الانفراج الدولی) ڕێگایەکی نیەو پێکەوە - ژیانی بەئاشتی تەنیا بنچینەی‌ئافلانەو پەسندکراوی پێوەندی ناو دەوڵەتانە بەتایبەتی لەم چەرخەی ئێستادا .

ئەمەش لە بەیاننامەیەکدا هاتوە کە ئەمدواییانە لەمۆسکۆ بلاو کرایەوە دوای تەواوبونی کاروباری سیمینداری هێزە ناشتیخوازەکان کە سێ ڕۆژی خایاندو ٥٠٠ نوێنەری تیدا بو کە نوێنەری (١٢٠) وڵات‌و نەوەد حیزبی سیاسی بون .

ئەمسیمینارەو بەیاننامەکەی لە کۆتایی کاروباردا بلاوی کردەوە ئاواتەکانی مرۆڤایەتی بۆ جێگیربونی ئاشتی‌و تێك‌شکاندنی پیلانی شەرهەڵ‌بستنەران دەردەبڕن، ئەوانەی جیهان بەرەو ئالۆزی باڵ پێوە دەنێن بۆ ئەوە کەرەستەی چەنگیە کانیان بۆ قال بێنەوە .

جزا صالح

راگەیاندن و قۆناغی ئەمڕۆ

نووسینی دکتۆر الیاس فرح

نوسینی : دوکتۆر الیاس فرح‌لەسەر نوسینی : زهیر غانم
لە سەرەتادا ، هاوڕێ ٠ الیاس فرح ئەڵێ :

« ئەوانەی تە مەیدانی راگەیاندندا کارئەکەن ٠٠ بێگومان لەشتت کار ئوزارانی کۆمەڵ زیاتر دەرك بە دەوری ووشە ئەکەن ، وەکو چەکێلە جەنگدا ٠ بە تایبەتی لەم قۆناغەدا

– چونکە ئیمپریالیزم‌وزایۆنیزم(شۆرشی راگەیاندن)ی دوای شەڕی دوەمی جیهانی کردوە بە دەستاوێژێ بۆ لە خشتە بردن‌و چەواشە کردن‌وروشیواندنی مێژوو ٠

– سوپاکانی ئەمەریکا پێشکەوتنی زانستە سایکۆکۆمە لایەتیانەی بەکار دەهینی لەراگەیاندنی ئەمەریکایی بوو شەڕی شاردراوە وەکو چەکێکی ئایدیۆلۆژی خستەجێی کۆنە شێوە کەندە لو بێسوودەکانی‌تر بەرامبەر شتە جێ باوەڕە ئەزەکان ٠

ئەوەی شایانی باسە ، ئەوەیە کە : راستیەکی تازە، لە پاش شەڕی دوەمی جیهانی ڕەرووکەوت ئەویش : دوای رانیکی درێژ خایەنی مێژوییانە کۆمەڵانی خەڵکی جیهانی سێیەم لەدەستەوسانی ولە پەراوێزی مێژووژیان دەرچوون‌و بوون بە هێزێکی (نوێی) شورشگێرانەو مێژوییانەی هەڵایساوو کەوتنە نێو قۆناغێکی تازەی راپەڕینەوە ٠ پەیڕەوی تازەی مێژویش‌بوو بە مایەی هەڕەشە کردن لە روی ئەو هێزانەی کە بەرژەوەندی بەکانیان لەسەر تۆقاندنی خەڵك‌و خنکانی توانا کانیان بەند بوو ٠ هێزەکانی ئیمپریالیزمیش ، بەتایبەتی ئەمەریکای دوای‌جەنگ، بەرەو دێزینەوەی چەکێکی تازە کەوتە تەکان بۆ بەرەنگار بوونی شەپۆلی تازە ڕەخشی بە بزوتنەوەی رزگاری خوازی لە ئاژادارکردن‌و (راگەیاندنا) دێزیەوە ٠

هەروا هاوڕێ د٠ الیاس فرح ئەڵێ : (شۆرشی راگەیاندن ، لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی‌ئەم چاخەیە) چونکە:

– خۆی لە خۆیدا ، چەکێکی ڕۆشنبیری‌ی‌و ئایدیۆلۆژی‌یە ٠

– دەستاوێژێکی کاریگەری بەرەنگار بوونی میللەتانە ٠

– بەندە بە فەلسەفەی (براگماتیزم – ذرائعی) کە سەرکەوتن بە کەورەترین بەها ئەزانێت ٠

– هەوڵی خوڵقاندنی نمونەیەکی تاك‌و کۆمەڵ ئەداو ئەیخاتە بەر تینی راگەیاندن ، لە چوارچێوەی بڕەوێکی میکانیکی‌و یەك لایەنی‌فیکری٠

خۆ هەوڵی بایەخدانی زاوێزمیش ، لە ئیمپریالیزم کەمتر نەبوو نیسبەت بەو چەکە اعلامی‌یەی کە بەخششەکانی زانستی دوو لە ئیانی ڕانستانە بکاتە کار ، تا دەوری خۆی لە بچراندنی نێوان راستی‌و راگەیاندنا ببینێت‌و بیشکەوتنی‌زانستی سازبدات‌بۆ ڕوشێواندنی راستیەکان‌و بەجێ گەیاندنی نەخشە دوژمنکارانەکەی خۆی‌و بڕو بیانو هێنانەوەی لە بەردەم جیهان‌دا بۆ مەبەستەکانی ٠

بۆیە ئەو دەسکەوتانەی کە خەباتی لە سێ یەکی ئەم سەدەیەدا ، لەسەر ئاستی رزگاری‌و پێشکەوتنخوازی‌دا دەستی‌خست ، ئیشارەتێکە بۆ ئەو ڕێڕەوە ئاسایی‌سەرکەشەی کە خەباتی عەرەبی لەم قۆناغە مێژوییەدا هێنایە کایەوە ، ئەو قۆناغەی کە کەلێ نوچدان‌و کارەساتی تێدایە «تا گەیشتینە ٦ تشرینی ١٩٧٣ ، ئەو مێژەوەی کە بریتی‌یە : د ٠ دروو مانای‌دژبەیەك٠هەم سەرکەوتنی تیایەو هەم نوچدان ، هەم وەلامێکی لاوازی‌وا کە هەندێ لەماناکانی ئەو نوچدانەی تێدا بەدی ئەکرێ) :

– رێککەوتنی سینا ، داکشانی کارەساتی حوزەیرانە

– بەلادا خستنی رێککەوتنی سیناو نەخشەکانی سازاندن ئاوەژوی یاسا مەوزوعیەکانی جولانەوەی مێژووی ئەم ناوچەیەی جیهان ئەگاتەوە ٠

ئەوەبوو شەشی تشرین بووبە نیشارەتێکی کاریگەرو تازەی سەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیانی عەرەب ، بۆیە ئەبی ئەوانەی کە لە مەیدانی راگەیاندنا ئیش ئەکەن بەباشی لەمەو لە نەخشەو پیلانی راگەیاندن‌و سیاسی‌و ئابوری‌و سوپایی دژ بە ئەمە تێبکەن‌و دەرك بە سروشتی ئەم قۆناغەو بیداویستیی‌و هەل‌و مەرجەکانی بکەن ، تا ببنە خاوەن چەکێکی کاریگەرو پیلانەی دژ بە ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستی ٠

شەڕی حوزەیران پەردەی لەسەر رووی ئەو رژیمانە لادا ، کە بوونە مایەی ئەو نوچدانەش‌و لە هەمان کاتیشا ناتوانن تە ناوچەگەری‌و سوپاگەری‌و بیرۆکراتیەت‌و عەقلیەت‌و نەفسیەتی نوچدان دەربازبین ٠٠ لە ژێر پالە پەستوی کۆمەڵانی هاتنە نێو قۆناغەکە ،تا بیکەن بە بیانویەك بۆ رزگار کردنی خۆیان ٠

ئەو رووداو هەڵوێستانەی کە ئێستا ئەکرێ ، دژ بە ڕەنزکردنی چارەسەری خۆبە دەستەوەدان‌و بەرکە کرتنی خەڵکە بۆ رزگار بوون ٠ چەکی راگەیاندنیش ، باشترین یارمەتیدەری ئەورزگار بوونەیە « بێگومان ، راگەیاندنی شۆرشگێرانە ، شیوەیەکی کاریکەرە ، لەبەرەو پێشەوە بردنی سەرنجی رووەو هەڵڕاندنی هەڵوێستەکان‌و لابردنی ئەو بروبیانوانەی کە هێزەکانی دەسەوسان‌و خۆ بەستووی بە پاشەڕۆکی قۆناغی نوێ هەڵی ئەخەن ٠ ئەو دواکەوتنە راگەیاندنەی کە لە کۆنە قۆناغەکان‌دا بۆ بە خەباتی عەرەب کەلێ کارەساتی نایەوە ، لە هەمان کاتا شێوەیەکی باش بوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پلانە نەخشە کێشراوانەی کە دژ ئەو خەباتە کێشرابوو ٠

« راگەیاندنی شۆرشگێڕیە ئەگرێ دەورێکی بالا لە یەکخستنی هێزە خەباتکێرەکان لە ناوچەی عەرەبیدا ببینێ‌و بەیوەندیەکانی خەباتکێران‌و هەڵخستنی ئەو خەباتە لە ئابلوقەدانی ئەو پیلانە کەورەیەی کە دوژمن وەکو پەشی بۆ (رەفزکردنی وتوێژو دان پیانان‌و ئاشت بوونەوە)و قەڵاچۆکردنی ئەو هێزانەی کە بیر یا هەرەشە لەو پەیوەندیە تازانەی کە لە نێوان قەوارەی زایۆنی‌و ڕژێمە خۆ بەدەستە وەدەرەکان بکەنەوە بە توندی گرێ بدات‌و ببێ بە پێشەنگی جەنگێکی تازەی وا ، کە بیر یا هەرەشە لە پەیوەندیە تازەکانی نێوان قەوارەی زایۆنی‌و ڕژێمە خۆ بە دەستەوە دەرکان بکاتەوەو لەهەمان کاتا ببێ بە رابەری شەڕێکی تازەی وا کە توانا کانی کۆمەڵانی خەڵك تێیدا بوروژێنێ ، دوای چەندین ساڵەی هەوڵی پشکنین‌و خۆ بە هێزکردن‌و رێکا دۆزینەوەو تاقی کردنەوەی هێزەکان‌و ناسینی خودو دوژمنەوەی شتە لواوەکان‌و متمانە بە خۆو بە باشە ڕۆژ کردن » ٠

ساناترین یاسای کار تێکردن لە خەڵکی‌تر ، وانە : ساناترین بنکەکانی کاری راگەیاندن ، پێویستی بە تێگەیشتنی خەڵکی تر هەیە ، تاکو بتوانێ شۆڕببینە وەنێو فیکرو دەروونیان‌و راستو خاوێنی بکەینەوە ٠٠

بۆچی سعودیە لەکونگرەی دۆحەمالی نەدا بۆ بڕیارەکانی ئۆپیك ؟!

بەشی چوارەم

صاحب محمد

لەساڵی ١٩٧٤دا کاتێك نرخی نەوتی خاو زیاد بو ، ئیمپریالیزمی جیهان‌و کومپانیاوئۆنۆ ئەکان هەراو هوریایەکیان بەرپا کرد دەربارەی ئەو ئارەزایدیانە کە لە جیاوازی نرخەکان‌و دەرامەتی ولاتانی عەرەبی دەکەونە سەریەك

لەکاتێکدا ئەو دەرامەتانە ئەوەندە زۆر نەبون کە زوڕناژەنەکانی ئیستیعمار نیشانیان دەدا ٠

دەرامەتی دەولەتە عەرەبیەخاوەن‌نەوتەکان کە ئەوەدەم ئەیشتبوە ٦٠ میلیارد دۆلار ٢٢٪ی خەرجی بودجەی ئەمریکا بۆ ساڵی ٧٣ – ١٩٧٤و ١٤٪ی داهاتی نەتەوایەتی ژاپۆن‌و تەنیا ٥٪ی داهاتی نەتەوایەتی ئەمریکا بو ٠ هەروەها ٥٠٪ی خەرجی سوپایی ولاتانی پەیمانی ئەتلانتیکی شیمالی بۆ ساڵی ٩٧٢و ٨٪ی بارەی خەزێنەکراوی کومپانیا ناونەتەوەییەکان بۆ ساڵی ٩٧٤و ٦٦٪ی نرخی شتومەکی بۆدەرەوەنێردراوی ئەلمانیای ڕۆژئاوا لەوساڵەدا بو ٠

بەرزبونەوەی دەرامەتی نەوت لە دەولەتە عەرەبیەکان‌دا ئەوساڵە رادەی ناونجی داهاتی سەرانەی گەیاندە نزیکەی ٧٤٠ دولار ٠ لەکاتێك‌دا تێکڕای داهاتی سەرانەی ئەوروپای ڕۆژئاوا کەیشتبوە ٤١٠٠ دۆلارو هی ئەمریکا کەیشتبوە ٦٠٨٠ دۆلار ٠

مەسەلەی (زیدەپارە) ئەگەر هەبێ ، بۆ ژمارەیەکی کەم لە ولاتە عەرەبیەکان لەڤۆڕێ دایە (سعودیە – کویت – ابو ظبی – لیبیا) لەکاتێك‌دا ولاتەکانی تر کە هێندێك ولاتی خاوەن‌نەوتی وەك ئەلجەزائیرو عیراقیشیان لەگەڵە زۆر پێویستی‌یان بە سەرمایە هەیە ، بەنکە هێندێك ولاتی عەرەبی کە هەمیشە بودجەی ئاسایی‌یان کورتی دێنیت ٠

وەختێك ئەمەمان باس کرد حەز دەکەین پەنجە بۆ ئەوەش رابکێشین کە تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی هەمولایەنی دەربارەی توانای بەکارهێنانی سەرمایە لە ولاتە عەرەبیەکان‌دا نەکراوە ، بەڵکو هێندێك لەو ولاتانەو بەتایبەتی ئەوانی خەلیج تائێستا ئەخشەیەکی روون‌و هەمولایەنی‌یان بۆ پەرەسەندنی ئابوری دانەناوە ٠ رابۆرتێکی رێکخراوی جیهانی‌ی ئەندروستی باسی ئەوە دەکا کە لانی کەمی پێداویستی خزمەتە ئەندروستیەکانی ولاتانی عەرەبی پێویستی بە ٣٥ میلیارد سەرمایەداتان هەیە ، چونکە بەچەشنی تێکڕا بۆ هەر دەهەزارکەس ٢ر٧ پزیشك هەیە لەکاتێك‌دا لە ئەمریکا بۆ ئەوژمارەیە ٢ر١٥و لە ئەلمانیای ڕۆژئاوا ٢ر١٧ پزیشك هەیە ٠ ژمارەی‌قەرەوێڵەی ئەخزشخانە کانی ولاتانی عەرەبیش بۆ هەر دەهەزارکەس تێکڕا ٤ر١٩ قەرەوێڵەیە کە ئەمە لە سوید (١٤٢)یە ٠ پێویستی ولاتە عەرەبیەکان لە کەرتی فێرکردنیش‌دا لانی کەمی بە ٢٥ میلیارد دۆلار دادەنرێ ٠ لە کەرتی‌گواستنەوەو هاتوچۆش‌دا بەکوێرەی دوالێکۆڵینەوەکان پێویستیان بە ١٠٠ میلیارد دۆلار هەیە بۆ دامەزراندنی رایەلکەی چەندرێگایەکی شایانی ئەم‌چەرخە کە ولاتانی خەلیج بکەیەنە دەریای سبی ناوەڕاست ٠ ئەمە جگە لە پێداویستی کەرتەکانی تریش کە تائێستا لێکۆڵینەوەی تەواویان لەسەر نەکراوە وەك پیشەسازی‌و کشتوکاڵو جیهانگەڕی‌و هی‌تر کە دەتوانین بڵێین بڕانەوەیان نیە ٠

نیمپریالیزمی جیهانی‌و سعودیەش لەگەڵ ئەودا باش دەزانن کە گیروگرفتی (زێدەپارە) کە لەهێندێك ولاتی عەرەبی خاوەن‌نەوتی بچوك‌دا لەڤۆڕی دایە لەمێژوی ئابوری جیهانی‌دا دیاردەیەکی تازەیە ، چونکە ئەم ولاتانە خۆیان ناچار بەوە دەبینن کە ئەوەندە نەوت بەرهەم بێنن دەرامەتەکەی زۆر لە پێویستیەکانیان زیاتر بێ‌و بۆیان خەرج نەکرێ ، ئەویش لەبەر چەندهۆیەکە کە لەوتارەکانی پێشودا باسمان کردو یەکێك ئەوان ملکەچی سیاسی‌و ئابوری سعودیە بۆ مونوپۆلەکانی نەوتە ٠

ئەگەر ئەمولاتانە هەروەك هەموولاتانی جیهان سەرمایەداری‌و سۆشیالیستی) بریار بدەن ڕادەی بەرهەمی خۆیان بەچەشنێك دیاری بکەن کە لەگەڵ پێویستی‌و قازانجی خۆیان رێك بکەوێ (ئەمەش شتێك بو کە حکومەتی شۆرش لەعیراقدا لەماوەی بەستراتی کۆنفرانسی دوحەدا داوای کرد کە پێوستە بەرنامە بۆ دەرهێنانی نەوت دابنرێ) ئەودەم توشی ئەوە نابن کە سامانە نەوتیەکەیان بەزویی دوایی بێ لەبەرامبەر سەرمایەیەکدا کە هەمیشە ناوسان‌و نزمبونەوەی نرخ‌و هەمو نەخۆشیەکانی ڕژیمی سەرمایەداری هەرشەی‌لێدەکەن

لەکۆتایی ئەم ئەلقەی‌باسەکەدا ئەوەندە بەسە کە بڵێین هێندێك دەولەتی ئۆپێك ناچار بون پرۆژەکانی بەرەسەندن بوەستێنن و بەلکە لە ولاتانی تریش بەمەرجی قورس قەرز وەربگرن ، تەنانەت عیراق‌و ئەلجەزائیرو ئەندونیسیاو هێندێکی‌تر لەساڵی ١٩٧٥دا ٢٩٠٠ میلیون‌دۆلاریان قەرز کردوە هەروەك بەریز تایە عبدالکریم وەزیری نەوت لە بەیاننامە ڕۆژنامەکەریەکەی تشرینی دوەمی رابردوی‌دا باسی کرد . ئەوەش لەکاتێك‌دا کە دەولەتانی خاوەن‌نەوتی خەلیج (١٣) میلیارد دۆلاریان لە بانکەکانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ژاپۆن‌دا داناوەو بەشی ولاتە یەکگرتوەکان لەو پارەیە بەتەنیا دەکاتە زیاتر لە (٧) میلیارد دۆلار هەروەك ویلیام سیمۆن وەزیری دارایی ئەمریکا لە راپۆرتی خۆی‌دا بۆ ئەنجومەنی سەنای ئەمریکا لەکاتی خۆی باسی کردو ئەمەش شتێکە کە لەوتاری ئایندە دا ... دەکەین ٠

Institut Kurde de Paris

بیروڕا

ژیانی سەر پەراوێز

● هەر لە کۆنی کۆنەوە زانان و فەیلەسوفەکان هەوڵیان داوە شوێنە نزو فیکرو هوناقەشەکردنی قەوارەو بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی ، لە پێناوی هەڵخستنی پێناسینێکی هەوزوعیانە ، تەبارەی مرۆڤ‌و ئەو کۆڵەکانەی ئەبنە مایەی ئەو پێناسینە ٠٠ کۆنە دەستە واژەی (نادەمیزاد زیندەوەریکی فسەکەرە)ی وەکو پێناسینێکی کۆن لەبارەی جیاکردنەوەی مرۆڤ لە نافەریدەکانی تر خستە ناوەوە لە پاشا پەرەی سەندو دەستەواژەی (نادەمیزاد زیندەوەریکی عاقلە) هاتەکایە٠ جا ئەر مرۆڤ قسەکەری یا عاقل ، ئەوا لەنێو چوارچێوەی ئەم پێناسینەدا ، وەکو ئافەریدێکی سیلبی‌و لە پەراوێز ژیاو دێتە بەرچاو ، کە پێداویستیەکانی ئەم چاخە بڕ لە جموجۆڵەمان ڕەتی ئەکاتەوە ٠

● دیکارت هات‌و چەند عەنکاوێکی تازەی لەم بوارەدا عەڵێناو بە عیبارەتەکەی (من عەست ئەکەم ، کەواتە من هەم) بوونی خۆی بە مەرجی هەست کردنی‌یەوە بەند کرد لە بارەی هەمو جیهان‌و دیاردەو ئافەریدەکانەوە ٠٠ بەڵام کاتێ کە بەباشی‌و بە کیانێکی زانستانە بیر لە مانای (هەستکردن) ئەکەینەوەو ئەیخەینە بەرکیانی ئەم چاخە، ئەبینین : پلەی یەکەمی کاروانی ڕەوتی زانستانە ڕەزنەکرێ ، ئەوکاتە دەها پتر بڕوابە (مادام من بیرئەکەمو هۆشم هەیە ، کەواتە من هەم) چونکە بەردەوام بوونێکی قووڵی تێدایە ٠

● بوونی مرۆڤ ، لەنێو کۆمەڵگایەکی مرۆڤانەدا ، بە شێوەیەکی سیلبی مانای بوونێکی راستەقینە نادات بەدەستەوە ٠٠ تا بەڵکو ئەبێ ئەم بوونە ئیجابیانە وەرگیرێت بەتایبەتی بۆ ئەو کەسەی کە لە ئێو ئێژەنەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و شۆرشگێرانەدا ئەژیت ، تایبێ بە بەڵگەیەکی ئیار لە بەشداری کردنی کارامەی لە جولانەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵ‌و پێش خستنی ڕەوڕەوەکانی بۆ بەرەو پێشەوە ٠

کەچی ژیانی سەرپەراوێزو دورەپەرێزی‌و ئەرکی ڕۆژانەی وەکو : خۆراك‌و خەوو خواردنەوە ، ئەوا بێگومان بە ژیانێکی شورشگێرانە ناڵێت‌و هیچە ٠

٢٠٤

ئەدەب و خوێندەوارەکی

سلام محمد

نووسینەکەی کاك حسین عارف دەربارەی خۆبەزل‌زانین لە ئەدەبدا کە لە ژمارە (٣٤٦)ی‌رۆژنامەی « هاوکاری » بلاو کراوەتەوە، دەرگای پرسیارێکی‌لێ کردەوە کە ئایا ئەم

لە ئاهۆی ئەدەبدا

مۆزەمەکان

– صلاح احمد –

هەیە ئەدیبە بۆیە دەنووسێتو ، « هەشە » دەنووسێت بۆیە « ئەدیبە ؟! » .

خۆ ئەگەر چیشکەمو زۆری بەرهەم دەشێت پێوانە یەکبێت بۆ تواناو دەستەلاتی ئەدەبیی هەر ئەدیبێك . بەلام لەگەل ئەوەشداو،ڕەنگە بتوانین بڵێین بەرلەوەش پێوانەیەکی لەبارترو ، شیاوتر هەیە بۆ ئەدیبیی ئەدیب کە ئەویش جۆری نووسینەکەیەتی، چونکەزۆروبۆر هەرگیز نیشانەی پشکەوتنو توانا نەبووەو ، لە زوربەی زۆری جاریشدا، زۆری دەبێت بەهۆی کەمکردنەوەی نرخ .. ئەگەر چیش ئەنجامەکەی قازانجی زیاتری تیایە ، بەتایبەتی ئەگەر لەروانگەیەکی بازرگانییەوە تێڕوانین .

ئینجا هەر لەبەر ئەوەی پێوانەکانی بازرگانی ڕێك دژ بە پێوودانەکانی ئەدەبە بۆیە بە موعادەلەیەکی بچووك و ئاسان دەتوانین بڵێین ئەوکەسەی بە نەبەستی قازانجی زیاتر دەنووسێتو ، بەرهەمی زۆروبۆری خۆی بەردەوام لە گشت کۆڕو ، بازاڕێکدا بە هەڕاجو بە کۆتڕە دەفرۆشێت ، ئەوکەسە ئەگەرچیش کەوڵی گوروواوی ئەدەبی لەشان کردبێت ، بەلام ئەك تەنها دوورترین کەسە لە ئەدەبەوە . بەلکو دوژمنێکی ئێسکگرانیشێتی .

دەستنیشانکردنی ئەمبابەتە کەسە لەلای خەلکە ئاساییەکە کارێکی ئاسان‌نییەو ، هەر ئەمەشە مەترسیکەی زیاترو گەورەترەکات ..چونکە وەك زاڵوو لە ناوەوە خوێنی پاکی ئەدەب دەمژێتو ، هەر لە پەناشەوە دەتوانێت کاری خۆی بکاتو ، کەسیش ، یان زوربەی کەسانیش پێی‌نەزانن ، لەبەر ئەمەشە نە لە جوگرافیاو ، نە لە مێژووی ئەدەبیشدا ، بەدەگمەن نەبێت ، نموونەی لەم بابەتەمان بۆ دەستنیشان‌ناکرێت ، با سەد ئەوەندەی تریش لە بوونو ، لە دەوری ڕووخێنەریان ئاگادارین .

سیمای سەرەکیی ئەم جۆرە کەسانە ئەوەیە ، بەپێی ڕۆژگارو ، لە پێناوی ڕۆژگاردا دەنووسنو ، لە سوودو قازانجە تایبەتییەکەیان بەولاوە ، هیچ بەبەستێکی دوورو ... ترییان نییە ، ئەگەرچیش بەری دوکانەکانیان بە ... بەی باوو ، سەرنج ڕاکێشیش ڕازاندبێتەوە .. ئینجا ئەگەر ئەمانە زوو بەو ئەنجامە ڕاستەقینەیە بگەن کە ئەدەب هیچ قازانجێکی ڕۆژا بازرگانییانەی تیانییە ، غەمی دەوێتو دەروی سەرە... ئەوا هەرزوو لە ... ی دەبەوەو ڕێگا ڕاستەوەو ... خۆیان دەگرنەبەرو ، یەکەی ئەوانی تریش بە ردەدەن . بەلام ئەگەبەتی لەوەدایە زوربەی ئەمانە نەو سەرنج وردەیان نییە وا بەراستی ، خۆیان بناسن ، بزانە تا چەند ساڵە کورتو کەم فرسەتەکەی ژیانیان دەبڕێتەوە هەر بەردەوام دەبنو ، بە سەزمانانەاهیچیش بەهیچ ناگەن .

ئەم دیاردە سەیرەش وەنەبێت هەر لە خۆیەوە سەرهەڵبداتو . هیچ زەمینەیەکی نەبێت ، نەخێر ! بە پێچەوانەوە بارودۆخی دواکەوتنو بێسەروبەرەیی و ، تێکەڵاوبوونی زانستیو ساختەکان کێنگەیەکی لە بارو هاندەرە بۆ ئەم کەسانە ، ئەاینا باوەڕناکەم لە کۆمەڵگا پشکەوتووەکاندا – لەبەر زۆری ماوەی ژیانو جۆراوجۆریی کۆڕەکان – کەس هەبێت تەمەنی شیرینی خۆی بەم ڕێگا چەوتەوە بفەوتێنێت .

سەرئنجێکە ، بۆ ئەو کەسانەو ، بۆ هەموو خەلکیش ، بۆئەوی خۆیان بناسنو ، بناسرێنو ، تا زووە واز لە ڕەفتارێك بهێنن کە ئەنجامەکەی پووچو ، وەك ئەوان دەیانەوێت ، وەها بازارێکی بەبێتو بەرەکەتنییەو ، بەو قازانجە سانە وەختییە هەڵنەخەڵەتێنو ، ڕێگا ڕاستەکەی سیارانیان بگرنەبەر کە ، بازرگانی ئەیە بە گشت بابەتو ئەماوەر هەبکاتییەوە .

ئەگەرچیش « جۆیس » دەڵێت : « من ناتوانم بەپێی ئەوەی هەستی خەڵکی بریندار بکەم . بنووسم » .. بەلام من مەبەستم بریندار کردنی هەستی هیچ کەسێك نییەو ، تەنها ئەندیشەیەکی ئەدەبییەو ، زۆرم لێدەکات بڵێم .

(سیفەتە بلحو ناڕەسەنە) بۆچی بۆتە دیاردەیەکی هەستپێکراو لە ناو ئەدەبیاتی کوردا ، دوایش کێ بەبرسیارە لە ڕەت کردنەوەو ڕاماڵینی ئەم سیفەتەو لەسەر چ بنچینەیەك .

سەیرە بەلامەوە ، نووسەرێکی کورد هەر ئەوەندەی شەش – حەوت کتێبی خوێندەوە ، دەستی قەڵەمی ڕەتو یەك دوو بەرهەمی کەوت بازاڕەوە یان لە ڕووتامەو گۆڤارەکاندا ناو بە سەو شتێکی بلاو کردەوە یەکسەر بە فیزو لەخۆبایی‌بوونێکی (کوت‌وپڕی)یەوە ئەڕوانێتە دەوروبەرو بێبەزەییانە ئەمو ئەو فەتەکات وەك ئەوەی ئەدەب گرەوێکی وەرزشی بێتو ئەمیش ئەو تاکە شۆڕەسوارەیە کەیشتۆتە دوا وێستگە . ئیتر هەر شاکارێکی ئەدەبی بکەوێتە پێش چاو بێ سلەمینەوەو ڕاوەستانێکی کورت ئەڵێ (لاوازە ، شتی جوانترم نووسیوە ، هێشتا زۆری ماوە ، شایانی خوێندنەوە نییە ، لاسایی فلان ئەکاتەوە ، کەوتۆتە ژێر تاسیری ... ئارەوە ... تاد) .

پێشکەوتنی ئەدەبیو فیکری هیچ کاتێ دواقۆناخی بۆ نییەو هەمیشە لە ئۆڕانێکی بێوچانیو تازەتردایە بەگوێرەی جووڵانەوەی ژیانو کۆمەڵو ئازاری مرۆڤو بارودۆخی دەوروپشت . سەرەڕای ئەوەی هەرشاکارێکی ئەدەبی یان فیکری بریتییە لە هەوڵدانو ئاقی کردەوەیەکی نیسبی ئەگەر لە ... دەسکەوتە زانستییەکاندا بەراورد بکرێت هەرچەندە ئەمەی دووەم هەبادێ قووڵتر کارئەکاتە سەر جۆری ڕوانینو بیرکردنەوەو نووسینی مرۆڤی ئەدیب .

کێهەیە نکولی لەوە بکات کە « ئەرستۆ » دەورێکی کاریگەری گێڕاوە لە جیهانی ئەدەبیو فیکریدا ، تا ئێستاش تیۆرەکانی لە ڕیزی سەرچاوە هەرە گرنگەکانی (زانستی کۆمەڵایەتین) بەلام لە دواساڵانی تەمەنیدا ئەیوت (تاکە شتێ بیزانم ئەوەیە کە هیچ نازانم) !!. بێگومان ئەم (نازانم)ەی ئەرستۆ لە ئەنجامی لێکدانەوەو ئاسۆ فراوانیەکی قووڵەوە هاتووەو بۆی دەرکەوتووە کە مرۆڤ گیان‌لەبەرێکی چەندە بەهێزو داهێنەرو پڕ لە گرێکوێرەو نهێنییە .. ئێگەیشتووە کە ژیان چەندەی لەسەر بنووسرێ و بووترێ ئەوسا بەقەد ئەستێرەیەکە لەو ملیۆنەها ئەستێرانەی ئاسمانو ئەو دیوی ئاسمان هەر بۆیەش بەگیانی نوازش‌و لێبووردنەوە ئەماشای بەرهەمەکانی خۆی کردووەو زانیویەتی لافلێدان‌و خۆبەزل‌زانین نیشانەی نەفامییە بەرامبەر شتە نەناسراوەکانی مرۆڤو ژیانو کەون .

ئەدەبی کوردی هێشتا لە سەرتای ئاڵۆزکردنداییەو قەرزاری ئەدەبی عەرەبیە بەوەی لە ڕێگایەوە ترانیویەتی شارەزاییەکی مامناوەندی لەبارەی ڕۆشنبیری جیهانەوە پەیدابکاتو سوود لە تاقیکردنەوەو ڕێبازە ئەدەبیەکان وەربگرێتو تا ڕادەیەك بیخەملێنێ . لێرەوە ئەپرسم : کوانێ ڕەخنەی ئەدەبی ، کوانێ دیراساتی زانستیو نەفسیو فیکری ، کوانێ ڕۆمانی کوردی، کێن ئەوانەی خۆیان تەرخانکردووە بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی چیرۆکو شیعر وەکو (اختصاص) ، لە دووایشدا تا ئێستا وەرگێران چۆن دەورێکی گێڕاوە ؟؟ ..

ئەم پرسیارانە سەر کۆڵەی باسەکەنو (بێوەڵامی) ئەوەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە کە خۆبەزل‌زانینی ئەدیبی کورد ئەوەك هەر پەتاو ئەخۆشیەکی پیسە ، بەلکو نیشانەیەکی زەقی بۆشیو گەمژەییو ناتەواویو خۆبەرستییە ، وەك ئەوەی ئەدیبێك خوەتی ڕۆشنبیری‌یەکی باش‌بێتو وا هەستبکات ئەوەی خوێندوویەتیەوە (نووسینی خۆیەتی) ئەك لە ڕێگەی دەرەوەی خۆی وەری‌گرتووە ، ئینجا کە ئەماشای نووسینی یەکێکی تر ئەکات هەر ئەو پێودانکەوە حوکمێکی ئارەزای بەسەرا ئەسەپێنێ بەبێ ئەوەی بیرسێت ئایا ئەم ئەتوانێ شتی وا بنووسێت یان بۆچی هەول ئەدات باشتر بنووسێ ..

چاکتر وایە لەجیاتی خۆدەرخستنو نقوڕچ لەمو لەو گرتن بەرلەوە ئەماشای نووسینی یەکتری بکەینو ئەوەمان لەبیر نەچێت هەر پارچە نووسینێك لە خوتوخۆڕایی لەدایك نابێو ئەنجامی ماندوبوونو موعاناتی خاوەندەکەیەتی ، سەرکەوتنو ئەوەرەییش هەروەکو قەسیمی ئەڵێ دۆزینەوەی بیانووە بۆ کردەوەیەك بوونێکی تایبەتی نییە ، ئاشکراشە کەس بە هەڵەوەڕیو شکاندنەوەی خەنکی ترو زەموزەمکاری بەرز نابێتەوە ، بەلکو ئەوەندەو زیاتریش مرۆڤایەتیو ڕەسەنی خۆی ئەدۆڕێنێ .

لەگەڵ هونەرمەندا فؤاد محمد امین دا

● انور محمد رشید ئامادەی کردووە ●

پرسیار :

ئەبوونی ڕەخنەگر باڵی بەسەر هەموو بەشەکانی ئەدەبیو هونەری کوردی‌کێشاوە .. وەك ئاشکرایە شانۆکەری کوردیش نەیتوانیوەخۆی لێ‌قوتار بکات بۆ ؟!

وەڵام :

پرسیارەکەت دووڵایەن ئەگرێتەوە لایەنی ئەدەبیو لایەنی هونەری .. لایەنە ئەدەبیکە لەگەڵ ئەوەی ناتوانم حوکمێکی تەواو بدەم بەسەریا چونکە ئەهونەرەکە زیاتر نزیکم وەك لە ئەدەب .. بەلام ئەتوانم بڵێم ڕەخنەگری ئەدەبیمان هەیە ئەرچی بە شێوەی داوا کراو نیە .. ئەبوونی ڕەخنەگری هونەری بەگشتیو ڕەخنەگری شانۆیی بە تایبەتی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەخنە ڕەکان وا دەزانن شانۆی کوردی ئەگشتۆتە ئەو پلەیەی کە ڕەخنەی لێبگیرێ واتە (دون المستو) یە بەڕای ئەوان .. چیرۆکی خۆمانیمان هێشتا هێندە ئەهێنراوەتە بەرهەم کە ڕوبەڕوی ڕەخنە بوەستێ جگە لەوەی شانۆ لائیمە تا ئێستا وەك زانیاریەك لەگەیشتووین ..

پرسیار :

نووسەری شانۆئەریمان کەم .. تەنانەت ئەو چیرۆکو شانۆکەریانەی لە زمانی بیگانەوە ئەگێڕێن بۆ کوردی بەپێی پیویستنین .. بۆ ئەوەی نووسینی چیرۆکەکان خۆمالی‌بن چی بە پێویست ئەزانیو نووسەری شانۆکەری کوردی چۆن دێتەکایەوە ؟!

وەڵام :

ئەمە ئەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیرو ئەدیبەکان کە هەوڵ بدەن لە سنووری توانای ئەوەی شانۆکەریەك بابگۆڕن بۆ کوردی یا خۆیان چیرۆك یان شانۆکەری بنووسن .. وەئەبێ چەند کەسانێك ئەبێ بەم کارە هەستابن بەلکە چەند تاقی کردنەوەیەکمان هەیە لەم بارەیەوە کە چەند نووسەرێکی لاو پێی هەستاون کە پێویستیان بە بەردەوام بوونو ماوەیەکی هونەری هەیە بۆ هێنانەدی مەبەستمان .. نووسەری شانۆگەریش خۆی ئەتوانی خۆی دەربخات(ابراز)و خۆی بسەڵمێنێ ئەك ئێمە بهێننینە کایەوە .. کەواتە نووسەرەکان ئەتوانن چیرۆکو شانۆکەری بهێننەکایەوە ..

پرسیار :

کۆمەڵ زۆر ئارەزووی‌بینینی چیرۆکی کۆمەڵایەتی ئەکات .. بەڕای تۆ چیرۆکی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ ئەبێت چۆن‌بێت ؟!

وەڵام :

منیش ئەڵێم وایە کۆمەڵ ئارەزووی بینینی چیرۆکی کۆمەڵایەتی ئەکات .. بەڵام ئەبێ تەنها ئارەزوونەبێ بەڵکە ئارەزوو بەدواچونو لێ‌گەیشتنو هەڵسەنگاندن ئەنجا کۆمەڵێکی هونەری ئەدەن بەدەستەوە .. وە بەڕای من چیرۆکی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆمان ئەبێ لە واقعی کۆمەڵەوە بێو بۆ هەموو کۆمەڵ بنووسرێو خزمەتی چینە ئەدراوەکانی کۆمەڵ بکاتو تۆمارگەیەك بێت بۆ زمانی کۆمەڵ لە دەربڕینی هەستو خواستو ئارەزوو .

پرسیار :

هونەری شانۆگەری کوردی بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگێنە ..

وەڵام :

شانۆگەری کوردی لە پلەی دروست بوونیایەتی .. لەم ئەمە ئەبێ .

پرسیار :

هونەری شانۆگەری کوردی ئەگەیشتووین .. وەك زانیاریەك لەگەیشتووین ..

پرسیار :

نووسەری شانۆگەریمان کەم .. تەنانەت ئەو چیرۆکو شانۆکەریانەی لە زمانی بیگانەوە ئەگێڕین بۆ کوردی بەپێی پیویستنین .. بۆ ئەوەی نووسینی چیرۆکەکان خۆمالی‌بن چی بە پێویست ئەزانیو نووسەری شانۆکەری کوردی چۆن دێتەکایەوە ؟!

وەڵام :

ئەمە ئەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیرو ئەدیبەکان کە هەوڵ بدەن لە سنووری توانای ئەوەی شانۆکەریەك بابگۆڕن بۆ کوردی یا خۆیان چیرۆك یان شانۆکەری بنووسن .. وەئەبێ چەند کەسانێك ئەبێ بەم کارە هەستابن بەلکە چەند ناوەو ڕوو بەڕووی چەند تیرو ئرفتێك بووە .. هەروەها چەند هونەرمەندێك هەن کە ئوەیدیان لێ‌ئەگرێ بۆ پێش خستنێکی زیاترو فراوان‌کردنی شانۆی کوردی .

پرسیار :

دوا ووتەت بۆ ئەکتەرە تازە پێگەیشتووەکان ..

وەڵام :

هەموو هونەرمەندێ ئەبێ بزانێ کە ئەرکێکی زۆر لە هێنانەدی خواستی کۆمەڵ کەوتۆتە ئەستۆی لەبەر ئەوە ڕێی هونەرمەند بە تایبەت ئەکتەر سەختە .. پێویستی بەگوێ ڕایەڵیو لەخۆبوردنو بەردەوام بوون هەیە .. پێویستی بە خستنە پێش‌چاوی دروشمی « خزمەتی میللەت » هەیە ئەبێ بیرو هۆشێکی نوێی خاوەن خزمەت گوزاری بێ .. بەرژەوەندی زۆر بخاتە سەرەوەی بەرژەوەندی کەمەوە هەروەها ئەکتەر ئەبێ بزانێ کە نازناوی هونەرمەند لە هەمووکەس ناترێ کەر شیاوی نیە .

پێوستەی ڕۆشنبیری

لە ماوەی پێشوودا لەلایەن ئەو لاوانەوە کە دلسۆزی شیعرو ئەدەبیاتن‌و هەوڵی نووسینی تیادەدەن ، ژمارەیەکی زۆرمان شیعر پێگەیشت . دیارە تیایاندا هەبوو دەگونجێن بۆ بڵاوکردنەوەو ئیتر سا یا بڵاوکرانەوەو یاخود دانراوون بۆ ژمارەکانی داهاتوو . تیاشیاندا هەبوو هەریەکەو کۆبلەیەکی جوانمان لێ‌هەڵبژاردو وا لێرەدا بڵاویان دەکەینەوە . بەلام بەرهەمەکانی ئەم برایانەی کە ناویان دەبەین زۆربەیان لە ڕووی هونەری شیعریەوە لاوازنو بێ‌ئەگەیشتوونو هەندێکیشیان لە ناوەڕۆکدا لە گەڵ ڕێبازی ڕۆژنامەکەدا ناگونجێن . هیوادارین بمانبەخشن لە بڵاونەکردنەوەیانو سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین :

« احمد حاجی محمد – ئاراس عزیز عبدالله – مجید حمید محمود – کمال صابر عزیز – کامەران بێ بال – عمر مەردان – بێدەنگ – صالح بێبەخت – محمد کەساس – ئازاد شاکر – شەمال باراوی – لطیف احمد عبدالرحمن – کادح – مصطفی محمد – دلێر محمد .

کۆپلە شیعری جوان

● فریق ئەمین قوتابیی کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدا لە شیعرێکیدا بەناوی « ڕەلەقازەی ه ... وایەکی تەلیسماوی »یە وەدەڵێ :

چەن ستەمە ..
تیشکی زەردەخەنەی مەبەست
لە سێبەری ناکامیدا حەشار ئەدەی
سیمای گەشی تابلۆی نیگات
لە شانۆی حەزی بینیندا وتلی‌ئەکەی
با نۆ بووکی شەقامی هەست
لە کەژاوەی ڕازی شەرم بێتە خواری
با تەلی کەمانی دڵت
بەستەی فرمێسکی تینوێتی
بۆ شەپۆلی ئاخم بڵێ

بروانە : ل : ١١

وەرشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی لە نێوان «ڕۆشنبیری»یەوە

حسین عارف

– ١ –

خوشکە ئاواز محمد صالح لە ژمارەی پێشوودا ، بەنجەی بۆ مەسەلەیەکی ئرنگی ناو کۆپی ڕۆشنبیری ڕۆشنبیران درێژکردووە کە من لەرەدا ڕاستەوخۆ ئەرو ئاشکرا تر لەو ، ناوی دەبەم بە مەسەلەی ئەخلاقی ئەدەبی یا ئەخلاقی ئەدیبانە . دیارە من بە هیچ کلۆجێ جیای ناکەمەوە لە ڕەووشتی کۆمەڵایەتی کە ئەمیان سەرەکییەو ئەویان پاشکۆو لە میاندا چۆن بێ لەویشیاندا هەروەها دەبێو هەروەها هەڵدەسووڕێ . ئەگەر لە میاندا خۆی بە مرۆڤێکی هیجگار مەزن زانیو بە لە خۆبایی بوونەوە وایدانا کە لە هەموو خەنکەکەی تر زیرەکتر ترو لێهاتوو ترەو لە کارامەییدا کەس بە تۆزی پیدا ناگا ، ئەوا لەویشیاندا وای لێکدەداتەوە ووای لە مێشك دەچەسپێ کە هیچ قەنەم بە دەستێکی تر ناتوانێ شان بدا لە شانیو بگرە لە ناستی ئەمدا هیچ کەسێك هەر قەنەم بەدەست نییە !! .

یا ئەگەر لە میاندا لە ڕەفتاری ڕۆژانەی ژیانیدا لە فرتو فێڵو پاشقولگرتنو درۆو دەلەسەی شاخدارو فیتنەبازیو کرداری بەدو ناڵەبارداو ... هتد . بە لایەکی خوابێو نازل بووبێو خەنکی بە دەستی‌یەوە زەلالەتیان بێ ، ئەوا لەویشیاندا هەر ئەو بەلایە دەبێتو ئەدیبان نەك لەیەك سەرەوە وەکو خەنکەکەی تر ، بەلکو لە دوو سەرەوە زەلالەتیان دەبی بە دەستی‌یەوە ، یەکەمیان وەك مرۆڤێکی ئاسایی‌و دووەمیان وەك ئەدیبێك . واتە لە ئەخلاقە ئەدەبی‌یەکە شیدا هەر بە هەمان شێوە ڕەووشت دەکاو کۆڕی ئەدەبی پێدەشێوێنێ . ئەگەر بیەوێ فرتو فێڵ بکا ، دەچێ بەرهەمێ دە دزێو دەیکا پە هی خۆی . یا هی خۆیەتیو دەڵێ هی فلانە ئەدیبی بەناوبانگی جیهانەو وەریگێڕاوەو بڵاوی‌دەکاتەوە . ئەگەر بیەوێ پاشقول بگرێ ، بەزەڕەبین دەگەڕێ بە دوای هەڵەیەکی بەرهەمی یەکێکداو بەوپەڕی ڕقو کینەوە لێی‌دەکا بە هەڵا ، یا لەسەر ئەو ڕێگە ئەدەبی‌یەی گرتوێتی‌یە بەر جۆرەها داوی بۆ دەنێتەوە . ئەگەر بیەوێ درۆ بکا بەرهەمێکی ئەو کەسە دژێو بە نووسینو بە قسە هەزار درۆی بە دەمەوە دەکاو دەیخاتە قالبی ڕەخنەو ڕەخنەکاری‌یەوە . ئەگەر بیەوێ ، لە ڕەووشتی کۆمەڵایەتیدا چۆنەو چی دەکا ، لە کۆڕی ئەدەبو ڕۆشنبیریشدا کوتومت هەروەها دەکاو بە زیادیشەوە .

بەلام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمە هەر لای کورد وا نییە . بەلکوو لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ، تا فرتو فێڵو درۆو دەلەسەو تەنەکەبازیو ڕەفتارو کرداری نابەسەلەو ئەگریس وەك ڕەووشتێکی کۆمەڵایەتی هەبن ، لە کۆڕی ئەدەبو ڕۆشنبیریشدا هەر دەبن . تەنها هێندە هەیە کە دواکەوتنو پێشکەوتن لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە ، دەبنە هۆی زیادو کەمی ئەو ڕەووشتە بەدانە .

– ٢ –

هەر کە نووسینە هەفتانەکەی پێشووی کاك محمود زامدارم خوێندەوە فیکرەیەکی لەوە بەرم هاتەوە بیر کە زۆر جار لە مێشکمدا بزواوە . فیکرەکە ئەڵێ : ئەگەر بە حسابی زانستیو تەکنۆلۆژیاین ، ئەوا ئەڵێ وشەو زاراوەو ڕستە هەنو تا ئێستاش ڕۆژانە لە نووسینو گفتوگۆدا بەکاریان دێنین‌و کەچی غەڵەتیشن .زانستو تەکنۆلۆژیا سەماندوویانە کە هەڵەن .

بە نووسینو لە گفتو گۆدا دەڵێین : « ڕۆژ هەلات یا ئاوابوو » . سا ئەگەر ئەم وتەیە بخەینە بەر تیشکی زانستی ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە وتەی دەورو زەمانێکە کە دەووترا ئەرز لە جێی خۆی ڕاوەستاوەو ڕۆژو مانگو ئەستێرەکان بە دەوریدا دەخولێنەوە . بەلام لە ئێستادا کە زانست پێچەوانەی ئەمەی سەماندووە ، لە واقیعدا دەبێتە وتەیەکی هەنە ، چونکە ئەرزەکەی بەرچاوی ئێمە ئەنجامی خولانەوەی بە دەوری خۆیدا ، بەسەر ڕەژدا هەندێو ئاوا دەبێ . یا هەر لەم بابەتە دەڵێین : « هەر دەڕۆم تا دەگەمە بنی دنیا » . کامەیە بنی دنیا ؟! . لە واقیعدا هەر دەڕۆیتو لە ئەنجامدا وەك (ما جەللان) یك دەگەیتەوە ئەو شوێنەی یەکەم هەنگاووت لێ هەڵهێنایەوە .

یا کە دەڵێین : « تیشکی مانگ دنیای ڕووناك کردەوە ! » . یەکەم کەس بیری لەوە کردۆتەوە کە لە گەلیدا لە بەینی دوو کەوانەدا بڵێ : (کە لە ڕۆژی وەردەگرێ !) ، چونکە ئاشکرایە کە مانگ خۆی تیشکی نییە . دووەمیش کە دەڵێین : « .. دنیای ڕووناك کردەوە » ئایا ڕاستە ؟! .. چونکە لە یەك وەختدا بەشێکی ڕووناك دەکاتەوە !.. جگە لەوەی کە ڕەنگە لە ژۆرەی ئەم بەشەشدا هەورو تەمو مژ بەری ئاسمانی گرتبێ ! .

لەم بابەتە شتانە لە زماندا زۆرن کە هێشتا نەك هەر لە قسە کردندا ، بەلکوو لە نووسینو ئەدەبیا تیشدا زۆر ئاسایی بەکاریان دێنین ، بێ ئەوەی کەمێکیان لە ساتی نووسینداو خوێنەریش لە ساتی خوێندنەوەیدا ، بیرمان بۆی بچێتو لە ئاستیا دەستو قەڵەمان تەتەڵەبکات ، یا چاومان ساتمە بکات !

بەلام بە هەر حال دەتوانین بڵێین لێرەدا مەسەلە ئەدەبو زمانەو دەگونجێو ڕاستەو لەوێدا زانستو تەکنۆلۆژیایەو ناگونجێو جەوتە ! .

Institut Kurde de Paris

بەرهەمێکی نوێ وهەندێ سەرنجی زمانەوانی

فیصل مصطفی حاجی

(شەش کورتە چیرۆکی کوردی) ناوی کتێبێکی (٣٤) لاپەڕەییە بە پێنووسی کەمال سەعدیو سابیر رەشید دەرچووە . هەروەکو من بزانمو دەبێت واش بێت یەکەم بەرهەمی ئەم دوو دانەرە ئەنجەیە، چونکە نیشانە بۆ چ بەرهەمەکی تریان نەکراوە . بە راستی شایانی پشت‌گرتنو هاندانەو دانەرە- کانیش جێ‌ای پاڕێوەنانو هاریکارین . ئومانیش لەوەدا نیەو ئەم دوو ئەدیبەو هەموو کەسێکیش دەزانێت بەرهەمی بالاو پسپۆر لە بەرهەمی ساواوە دەست پێ دەکاتو هەموو مرۆڤێك بەتایبەتی تێکۆشەرەکان رۆژ بە رۆژ بەرەو باشترو پێشەوەتر دەڕۆنو ، هەر شتێکی تازە لەسەر بناغەیەکی کۆن دادەمەزرێتو پێویستە ئەمیشیان بێت بە سەرچاوەی شتی تازە تر .

چەند سەرنجێکی کورت و.. مۆسیقا

ئەگەر هاتوو لە روانگەیەکی راستو رەوا سەرنجێکی وورد بدەینە بنچینەی مۆسیقا ئەوالە ئێو ئیروگرفتی ئەزانینداد دەتبینەوەو هیچ بەلایەکی ئەوتۆشمان چنگ‌ناکەوێ کە بە تاواوی بەردە لەسەر ئەم رازە لابدات . کەواتە ئازانین ئۆن بلێین مۆسیقا بریتیە لە .... وە لە فلان سەدەی مرۆڤیی یا فلان ساتدا پیدا بووە بەلام زورجاك دەزانین کە مرۆڤ بەتایبەتی لەم سەردەمەدا هیچ تاوێك بێ مۆسیقا هەنداکات . جا ئەگەر ئێمە ناومان نا ئاواز یا مۆسیقا یا هەر شتەکی‌تر تاوا بەدەست خۆمان ئەبووەو لەتواناسمانداتیە وازی لێ‌بهێنین‌و لەگیانمانی‌ بچرینین چونکە گومان لەوەدایە مرۆڤ لە سرووشتەوە چوار دەوری درواوە بە ئاوازی فرەچەشن کە هەر لە خۆیانەوە سازدەبن بێ‌بەرەی‌مرۆڤ خۆی بۆ داندوو کردبێو بەشوێنی دا ئەڕابێ . جا ئەگەر مرۆڤ توانای دەستکاری خستنەسەری هەبوو ئەوا بەرەوپێشی‌دەبات‌و قوناغ ئوری ئەدەکات . بۆیە دەتوانین بلێین مۆسیقا لاسایی ئاوازی سروشتە. بۆ نموونە.. ئەرەی روبارو خوڕەی سەر قەلبەزەکان ، وورشەی باو ترسەتری دنڕەی ناو ئەسەدوتەکان .

چەچەحەی هوزارو قاسپەقاسپی کەوەکان . باڕەباڕی کاروبەرخ ، کاتی ئەبەردان لایەلایەی دایك ، شەوان بۆ کوڕیە ساواکان . لە بەلزەی ئچ کاتی بزارو گەنمرو ئزکان . لە دەنگی شمشارو بلوری شراتان . بەستەی دروئنە ، کە بەستەیەکی هەمیشەیی هەموو مرۆڤکی سەردەمە . جەیرای جوتیارەکان لاوانی کاروانی . یا لە مامەمینو شێوەو گۆرانی سەروسەربردەو سەر دەکی ژنان . ئەوانە هەموویان ئاوازو مۆسیقای سرووشتن . کەوانە مرۆڤ بەشێکە لە مۆسیقاو مۆسیقاش لە ناو ئیمانی مرۆڤدا دەژی. وە مۆسیقاش‌بەگوێرەی جۆرو شێوەکانی کاردەساتە سەر مرۆڤو هۆگری دەبێ . تا وای‌لێ‌کردوین بلێین حەز لە مۆسیقاکردنو چێژوەرگرتنی ئاواز شتێکی زگماکەو پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە ، یا لەشوێنەواردا فێری‌وبین‌و لێی‌ڕاهاتوین . چونکە هەر ئەم هۆیانەی سەرەوەن کە بینە هۆی پەیدابوونی شایی‌و هەلبەرکێو بەستەو گۆرانی‌و بەزم‌و ئاهەنگ وە پەیدابوونی ئەمانەش هەستو نەستی مرۆڤ دەجولێنن‌و بالیان‌پێوە- دەنێ بۆ پەیداکردنی ڕێکخراوی هونەری‌و کۆبونەوەیان بە دەوری مۆسیقادا .

کەوانە ئەبێ بێتە هۆی دامەزراندنی کۆرو تیپو کۆشەدان بە نالەتەکانی ، ئینجا تیپی هونەری هاتۆتە کایەوەو باوەشی بۆ مۆسیقاو ئاواز کردۆتەوە دوابەدوای ئەویش قوتابخانەی‌هونەری‌کراوەتەوەو پێداویستی فێربوونی مۆسیقای بۆ پەیداکراوە . بەجۆرێك بەردەوام لە پەرەسەندنو بەرەوپێش چووندا .

نزار خەیلانی

بلێت (شەو) واتای تاریکی دەگەیەنێت ، خۆ ئەگەر بلێت (شەوە زەنگ) پتر .. ئیتر هاتنی (تاریکە شەوێکی ئەنگوستە چاو) ل ١ - د (٢ ، ٣) و (تاریکیش خۆی هەلچنیبووە رووناکی ..) هەمان لاپەڕە -د ٩ و (تاریکیش وەك رەشمالێك خۆی هەلکێشابوو بەسەرماندا) هەمان لاپەڕە - د (١٣ - ١٤)و (تاریکی تا دەهات باڵەپەستۆی دەخستە سەر بەرەی رووناکی) ل ٨- د ٩و (تاریکی دەسەلاتی خۆی لەم جیهانەشدا سەباند) ل ٨ د ١٨ .. ناوی کورتیتی لەسەر چیرۆك لا دەبات‌و پێویستیش بەمەندە دووبارە کردنەوەی یەکچەمك ناکات .

٣ - ئەمەر شەو شەوە زەنگ بێت ، چۆن کفنی سپی لەبەر شاخو گژو ئیاکان دە دیترێت ؟. وەئو من بزانم ، کاتێك کە بەفر ئەوەندە زۆر ببارێت وەکو کفنی سپی دیارکەوێت گژوگیا سەرناکەوێتو ، کاتی سەرکەوتنی گژوگیاش بەفر یان نامینێت یاخود ئەوەندە تەك دەبێت کە سەرەکەیان دیارکەوێت .

